له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# لاوان

## ئامرازەكانی بەردەوامی

## و

## هۆكارەكانی لاڕێ بوون


ئامادەكردن و وەرگێڕانی
بلال جلال حداد

پێداچوونەوەی
مامۆستا عدنان بارام كەلاری



چاپی یەكەم

١٤٣٥ كۆچی


---


ماڵپەری بەهەشت
ba8.org


ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

وبه نستعين ...

الحمدلله وحده ، والصلاة والسلام على نبينا محمد وآله و صحبه، وبعد:

**له ڕاستی دا گرنگی دان به لاوان ئەرکێکه پڕه له پێویستی له میللەتدا که ئاوڕی لێ بداتەوه بۆ بیناکردنی ئایندەی خۆی ، هەرگیز میللەت بونیادێکی باشی نابێت لەسەر گەنجانێك که ڕێگا و ڕێبازیان جیاواز بێت له ئاین و ئادابی کۆمەڵگاکەیان ، جا هەر لەبەر ئەمەیه که دوژمنانی موسڵمانان زۆر سورن لەسەر ئەوەی بچپێننه گوێی لاواندا بۆ گۆشکردنیان لەسەر ڕێگاو ڕێسایەك جیاواز له هی خۆمان بۆ ئەوەی ئەو بینا قایم و توندە بڕوخێنن، بۆیه ئاگادارکردنەوەو وریاکردنەوەی گەنجان له فێڵ و تەڵەکەی دوژمنان ئەرکی سەرشانی هەموو موسڵمانێکه ، هەروەها پارێزگاری کردن له گەنجان لەو ڕێگه خوارو له ناوبەرانەی که ڕووی تێ کردوون، وه گرنگی دان به چاندنی بیروباوەڕی ڕاست و دروست له دڵەکانیاندا ، بۆ ئەوەی قەڵایەکی بەهێزیان هەبێت به ڕووی ئەو نەخۆشی یه فیکری وبیروباوەڕه لادەرانەی که پۆشاکی ئیسلامیان پۆشیەوه و شین و باوکه ڕۆ بۆ ئیسلام دەکەن.. کەچی دەبێته هۆی له ناوبردنیشی ، وه هەندێکیش هەر ویستی له ناوبردنی هەیه..!**

بەڕاستی ئەم میللەتی ئیسلامە هیچ ڕێگاو دەستورێكی نیە و نابێ جگە لە ڕێگاو ڕێبازی قورئان و سوننەت ، وە ئەوڕێگاو تێگەیشتنەی كە پێشەواو پێشینی چاكی ئەم میللەتە لەسەری بوون.

﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنْتُمْ عَلَى شَفَا حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ فَأَنْقَذَكُمْ مِنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾[١]

واتە: دەست بگرن بە پەت و ڕێگەی خواوە بە كۆمەڵ هەمووتان ، نەكەن پەرتەوازە ببن ویادی نازونیعمەتەكانی خودا بكەن بەسەرتانەوە كە ئێوە دوژمنی یەكتری بوون جا دڵتانی پێكەوە بەست و ئیتر بوون بە برا بە نیعمەتی خوا و ئێوە لە كناریێ لە كنارەكانی دۆزەخ بوون جا ڕزگاری كردن لێی ، ئا بەوشێوەیە خودا بەڵگەكانی ڕوون دەكاتەوە بۆتان بۆ ئەوەی ڕێنمایی وەربگرن.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾[١] واتە : ئەی ئەوانەی كە ئیمانتان هێناوە گوێرایەڵی خوابكەن وە گوێرایەڵی پێغەمبەربكەن وە خاوەن كارو كاربەدەستانیشتان ، جا هەركات ململانێتان كرد لە شتێكدا ـ مشتومرتان كرد ـ بیگەڕێنەوە

[١] آل عمران : ١٠٣

[١] (النساء:٥٩)

بۆلای خوداو پێغەمبەر ئەگەر – بەڕاست – ئیمانتان بە خواو بەرۆژی دوای هەیە ، ئا ئەوە چاکە وباشترین مانایە ـ بۆ ئیمانداریەکە– .

ئا ئەمەیە ئەو رێگایەی کە میللەت کۆدەکاتەوەو قسەو هەڵویستمان یەکدەخات.بەڵام رێگاکانی تری حزبی و لایەنگریە فیکریەکانی تر بەڕاستی پەرتەوازە دەکات و کۆناکاتەوە، لە ناو دەبات و دروست ناکات.

وە ئەم نامیلکەیە ـ نامەیە ـ کە لەبەردەستماندایە لە نووسینی برامان

(( شێخ : زيد بن محمد بن هادي المدخلي)) کە تێیدا وریایی و هۆشداری داوە لەسەر ئەم ڕێگایانەو ڕوونی کردۆتەوە چ سەرەنجامێکی دژواریان هەیە ، وە جەختی کردۆتەوە لەسەر پەیوەست بوون بە ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەوە ، جا خوای گەورە پاداشتی بە چاکە بداتەوە ، وە سود بگەیەنێت بە هۆی ئامۆژگاری و ڕێنیشاندانەکەیەوە .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه ..

ئەمە نووسراوی صالح بن فوزان الفوزانە

ئەندامی دەستەی گەورە زانایان

ئەندامی لیژنەیی هەمیشەی بۆلێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوا

# ڕێ خۆشکار

لەڕاستی دا هۆکارو پاڵنەری نووسینی ئەم نامەیە ـ کە داواکارم لە خوای گەورە کاریگەری و سودی هەبێت لە سەردەرونمان ، کاریگەری بەپیت و جوانی هەبێت لەسەر لاوانمان کە ئەوانن لە پلەی یەکەمدان لەبۆ گرنگی پێدان و ئاگادارکردنەوە لەلایەن ئەوانەوە کە بەرپرسن لەسەر پەروەردەکردن و رێنمونی ، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە نوێنەری ڕۆژنامەی ( عُكّاض) پەیوەندی پێوە کردم لە شاری ((جازان)) لەم ڕۆژانەی دوایی دا ، کە داوای لێ کردم بەشداری کۆنفرانسێکی ئامادەکراو بکەم کە لە (عُكّاض) بەڕێوە دەچێت بە ناونیشانی(( ئامڕازەکانی دامەزراوی لاوان و هۆکارەکانی لاڕێبوونیان)).

جابەهۆی هەندێ هۆکار و باری تایبەت بە ڕۆژنامەکەوە کۆنفراسەکە دواخرا بۆ کاتێکی تر ، منیش ئەم دەرفەتەم قۆستەوە و نوکی قەڵامم لەسەر کاغەز دانا و ئەم نامەیەم نووسی کە بەچوار بابەت وناونیشانی بچوك و کۆتاییەك بە پایان گەیشت ، وە ئەمەشم بەلاوە پەسەنتربوو لە بەشداری کردن لەو کۆنفرانسەی کە ڕۆژنامەکە هەستابوو بە سازدانی ، چونکە زانست و زانیاری ناپارێزرێت و ناچەسپێت مەگەر لە دڵی مرۆڤ و پەڕەی کتێبەکاندا.

بەڵام گۆڤارو ڕۆژنامەکان ئەگەر چی بەڕاست سودو قازانجەکانی کەم و کورت ناکرێت بەڵام سەرەڕای بەسوودی ، وادەزانم هەمووان چارەنووسی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە

دەزانین لە دوای ماوەیە لە خوێندنەوەیان جابە بۆنەی باسی گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە ئەمەوێ بڵێم : بەڕاستی گومان لەوەدانیە کە زۆربەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لای خۆماندەردەچن گەلێك باشترە لە وانەی لە وڵاتانی تری ئیسلامی دا دەردەچن ، وە لەوانەش باشترە کە هەندێ گروپ وکۆمەڵی ئیسلامیش دەری دەکەن لە هەر شوێنێ ، ئەمەش ئەستۆ پاککردن نیە بەڵکو واقیع و ڕاستی و وژدان و دادپەروەرییە ، وە هەرچی هەڵەیەك هەبێ کە هەر دەشبێ ـ جا ئەوەش ئاگاداری لەسەر دەدرێ و ڕاست دەکرێتەوە لەلایەن کەسانی شیاوی خاوەن زانستەوە بەڕێگەی سودمەندو سەرکەوتوو، وە بەشێوازێکی بانگەوازیی تایبەتمەندکە هەڵگری دروشمی (( بانگەوازمان بۆ لای خوایە بە دانایی ئامۆژگاری چاك)) ئەمەش تێروانینی فێرخوازانی زانستی سەلەفیە بۆ ڕۆژنامەوانی خۆماڵی لەم وڵاتەدا وە هەلوێستیان بەو شێوەیە.

بەڵام حزبی و هاوشێوەکانیان لە کۆمەڵی خاوەن ڕێکخستنی نهێنی ـ ئەگەرچی لە دوورگەی عەرەبی یان جگە لەوێ بن – بەڕاستی تێروانینیان بۆی تێروانینێکی زیادەرەوە لەزەمکردن و بریندارکردنی خۆی (ڕۆژنامەوانی) و (وڵات) ـ مەگەر خوا ـ هەندێکیان نەبێ ...!!

وەرەو گوێ بگرە لەم نموونەیە کە ڕوون دەبێتەوە بۆت چۆن ڕۆدەچن و زیادەڕۆی دەکەن لە ئاستی دا.

یەكێك لەو حەرەكیانە لەبارەی پرسیارێكەوە كە ئاراستەی كرا، وترا: كام گۆڤارەیە كە جەخت دەكەیتەوە لەسەر خوێندنەوەی؟ (١)

**وتی :** البيان ، المجتمع ، الدعوة.

**پێی وترا: ئەی ڕۆژنامە خۆماڵیە ناوخۆییەكان ؟**

**وتی: پڕوپوچ و هەرچی و بەرچی یە خۆراكی دڕندەیە ، ئەمانە نوێنەرایەتی دەنگی میللەت ناكەن وە ڕێ بە گفتوگۆ نادەن ، بۆ هەموو شتێ گۆشەی تایبەتیان هەیە تەنانەت بۆ بۆن و دەرمان فرۆشتن و پلەی گەرمی.. بۆ پێغەمبەرو هاوەڵانی نەبێ كە گۆشەی بۆ دانەنراوەو گرنگی پێ نادەن ......! !**

**وتم : سبحانە اللە ، تەماشاكە ئەم چالاكوان و بزێوە زاڵمە چۆن چاكەی گۆڤاری ((البیان)) و (( المجتمع)) باس دەكات ،سەرەڕایی ئەوەی كە تانە و تەشەر لە ڕێگاو مەنهەجی سەلەف و زانایانی سەلەفی دەدات ، وە بۆ ئەوانی تریش تۆمەتیان دەداتە پاڵ، هەندێ جار بە دووڕوو ، هەندێ جاریش بە كویلە و دار دەست وەسفیان دەكات.**

**نووسەر:** زيد بن هادي المدخلي

---

(١)عائض القرني في مقابلة معه في مجلة المعالم بالولايات المتحدة الامريكية.

# پێشەکی وەرگێڕ[١]

بەڕاستی زۆر جار دەبینی هەندێ یان زۆربەی ئەوانەی بەناو ئیسلامەوە بانگەوازدەکەن دەکەونە بێ ئومێدی لە میللەت و خەڵك و دەسەڵات بۆیە لەوانەیە ئەمە وایان لێ بکات دونیایەك هەڵە دروست بکەن لە ڕەوت و ڕێگەی بانگەوازدا ، بۆیە بەڕاستی سەرسام بوون بە بۆچوونی خود یەکێکە لە نیشانەکانی هاتنی قیامەت، بۆیە لامان ڕوون بێت کە مەرج نیە ئەوەی ئیسلامی بێت باش بێت ئەوەشی بانگەوازبکات بۆلای خوا ئێمە یەکسەر قۆڵی پشتیوانی بۆ هەڵماڵین.

---

[١]ئەم نامیلکەیە ئامادەکردن و نوسینێکە ، کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتم بە نوسراوەکەی شێخ زيد بن هادي المدخلي بەستووە ، بەڵام لەبەر لێکچوونێکی بارودۆخی ناوچەی نوسەر و ناوچەی ئێمە ئەو کارەم کرد ، هەروەها لەبەر ئەوەی ببێتە نوسراوێك کە بۆ کورد و کوردستانی نوسرا بێت ، نەك هەر وەرگێرانێکی پەتی کە زۆر جار نا گونجاوی تێدا بەدی دەکرێت لەبەر جیاوازی کات و شوێن بۆ وتەکانی نوسەر و ئەو شوێنەی کە بۆی دەنوسرێتەوە.

جا ئەوەی دەیەوێت و دەتوانێت با بگەرێتەوە سەر کتێبەکەی نوسەر ، هەرچەندە من سەرەڕای وەرگێڕانی نوسینەکە زۆرێك شتی پەیوەستم بە وڵاتی خۆمانەوە زیاد کردوە و ئەوەشی پێویستی نەکردووە و پەیوەست بووە بە وڵاتی خۆیەوە لام بردووە، ئەگەرچی ئەوانەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە ، نزیکەی ئەوەیە بڵێین هیچم لانەبردووە بەڵکو ئەوەی بۆ ئێرە دەشێت و پێویستە بۆم زیاد کردووە.. خواش زاناترە.

ئەم ڕوونکردنەوەیەش بە پێویست و واجب دەزانم چونکە ئەمە زانستە و ئەمانەتە نابێت مرۆڤ بە بێ ڕونکردنەوە هەڵسوکەوتی تێدا بکات. و الله تعالى أعلى و أعلم. ( بلال جلال حداد ).

تەماشای خەوارج بکە چۆن لەترسی خودادا کەوتنە هەڵەی بە کافرداناني باشترین خەڵك کە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ بوون، تەماشای شیعە بکە چۆن لە خۆشەویستی ئال و بەیتی پێغەمبەرەوە سەریان لە بە کافردانانی هاوەڵانەوە دەرچوو ، هەرچەندە باسی شیعە جوودایە بەوەی سەرێك و هەزار و یەك سەودای تێدایە ...!!

تەماشای صۆفی بکە لەبەر سۆفی گەری و خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ﷺکەوتۆتە هەزارەها هەڵە و زیادەڕەوی لە پیاو چاکان و پیاو خراپان و هاوەڵان و لە خوا ترسان تا دەگاتە جگە لەوانیش ...!!

تەماشای قەدەرەیە بکە لەبەر ئەوەی خودا تۆمەتبار نەبێ بە کردەوەی مرۆڤ کەوتنە بێ رێزی بەرامبەر خوای پەروەردگار، کەوتیان خودا عیلمی بە کرداری بەندەکانی نیە و تا ڕوو نەدات نایزانێ. بۆیە زانستی پێش وەخت و یەکلایی خودایان نەفی کرد...!!

تەماشای جەبرییەکان بکە پێچەوانەی قەدەرییەکان بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە قەدەرییەکان لە خودایان داماڵیووە بگەڕێننەوە بۆ خودا، وتیان بەڵکو خوداهەموو شتەکانی بەسەر مرۆڤدا سەپاندوە و مرۆڤ ناچاری جێبەجێ کردنیان بووە ..!بەمەش زۆرێك لە دادپەروەری خوداو فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپەیان لەناوبرد..!

تەماشای موعتەزیلە بکە لەبەر ئازادی عەقڵ و ڕێز لە ژێری مرۆڤ گرتن کەوتنە ئەو هەڵەیەوە کە دەرەنجام وتیان ئەوەی عەقڵ تێی نەگاو نەیبڕێ ڕاست نیە یان ماناکەیان

دەگۆڕی ...!! یان ئەو هەڵەی كە خاوەن تاوانی گەورەیان لە نێوان كوفر و ئیماندا داناو وتیان نە موسڵمانە و نە كافرە..!!

تەماشای ((ئەحمەدی)) یەكان بكە، كە ( أحمد غولام میرزا)ی هندی بە پەیامبەر و مەهدی و مەسیح دەزانن، كە لەساڵەكانی كۆتایی سەدەی هەژدەدا سەری هەڵدا ، وتیان ئەمە دوای مردنی دووبارە زیندوو دەبێتەوە و دەبێتە ئیمامی محمدی مەهدی ، جارێكیش دەبێتە مەسیحی كوڕی مەریەم ، جارێكیش پلەی پەیامبەریان پێدا...!!

ئەمانەی كە باسم كرد لە خزمەتتدا، بەڕاستی ئاسانە ناسینەوەو باسكردنیان بۆ كەسێك كە هەق و ڕاستی و سوننەتی بوێت، چونكە بەڕوونی پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعەن و دورن لە بۆچوونی هاوەڵانی ڕەسوڵی خوداوە صلى الله عليه وسلم.

بەڵام سەرەڕایی ئەوانە لەم سەردەمەدا دونیایەك گروپ و حزبی ئیسلامی و عەلمانی و لادینی و دیموكراتی و ئیلحادی  دروست بووە كە هەموویان بەزمانی خۆمان قسە دەكەن و بەسەر چاوەكانی خۆمانەوە دەدوێن ، كە بەڕاستی ئەوە بۆ زیاتر لە سەدەیەك دەچێ وەكو كرمی دار ناوكرۆكی ئەم ئومەتی ئیسلامیە دەكۆڵنەوە و لە ناوی دەبەن.

تەماشادەكەی لە توركیا و میصر یەك سەدەیە عەلمانیەت كاوێژی علم و ئازادی و یەكسانی دەجوێتەوە، تازە بە تازە ترۆ دەبن و بە چەبڵەرێزان شاروەدەردەكرێن ،

ئەوە ئێستا ئێمەش دەبینین کوردەکانی تورکیا حاڵیان چۆنە بەدەستی ئەو علمانیە بۆگەنانەی تورکیاوە ...؟!

ئاخۆ بۆچی ئێمەی کورد دەمانەوێ ئەو پەیڕەو و پرۆگرامە بە کوردی دابرێژینەوە بۆ ئەم میللەتە خێر لە خۆ نەدیوە..؟!

دواتر لەم لاشەوە تەماشای مێژووی ئیسلام دەکەین کە هەر کاتێ گروپێك یان خەڵكێك لە دەسەڵاتداران دەرچووە بێ ئەوەی میانە سازی کرابێت بۆ کارەکەی و بەڵگەی هەبێت لەسەری بە چ ئاکامێك گەیشتوون؟ ئەنجامیان جگە لە کوشتنی چەندین پیاو و گەنج و بێوەژن کەوتنی ژنان و هەتیو کەوتنی منداڵان زیاتر هیچی تر نەبووە. هەر لەسەردەمی ئیمامی عوسمان تاوەکو سەعیدو دواتر وەرە تا دەگاتە لای سەردەمی نزیکی خۆمان هەروابووە، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە فەرمووی: هیچ کاتێك خەڵكانێك لە دەسەڵات دەرنەچوون ئیللا ئەوەی بە هۆی ئەمانەوە ڕووی داوە خراپتربووە لە پێشتری. لە پەنجا ساڵی ڕابردووش بەرەوسەرەوە تا ئەوکاتەی کە نەوجەوانانی ئیسلام ودواتر بزوتنەوەی ئیسلامی لە گەڵیشیدا باڵی ئیخوانی و جیهاد و ئەنصاری سەردەمی هەشتاکان کە سەرینەگرت و تەوحیدی دواتر و یەکگرتووی ئیسلامی و جەماعەتی نوورسیەکان و نەهزە و یەکبوون و ئیصلاح و کۆمەڵی ئیسلامی و جوندالأسلام . . هتد ، دەرچوون یان بڵێن توشی ئەم میللەتە بوون ، ئەگەر بەژیری تەماشای ئەو واقیع و ڕاستی یە بکەین دەرەنجامەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بەڕاستی مەرج نیە هەمیشە بەچەك جیهادبکەین وەکو ئەوان دەیانکرد . یان مەرجی هەتمیمان هەر

تەنهاکۆکردنەوەیەکی هەڕەمەکی بێت بە بێ فەرهەنگ و ڕۆشنبیری ئیسلامی و ڕووناکبیری گشتی وەکو کەسانێك تەنها کۆ دەکەنەوە و تەماشایان دەکەیت تەنها تاوانە گەورەکانی وەکو دزی و زینا بە خراپ دەزانن...!

با بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، تەماشای سەردەمی ئیمامی ئەحمەدی کوری حەنبل بکە بە وتە و فەتوای زانستی بیروباوەڕی دەسەڵات و خەڵکی گۆڕی لە کوفرەوە بۆ ئیمان کەچەند ساڵ وتیان قورئان دروست کراوی خوایە بەڵام ئیمامی ئەحمەد وتی بەڵکو کەلامی خوایە ، دەبینی دوای ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارە..! ئیمامی ئەحمەد سەرکەوت بە فەزڵی خوای گەورە، کەچی لە وەڵامی ئەوەی کە پێیان وت بادەرچین و جیهاد لە دژی حکومەت ئەنجام بدەین ، ئیمامی ئەحمەد وتی: خوێنە ، خوێنە ، واتە خوێن ڕشتنە و هیچی تر ، دوای ئەوەی کە ئەو کۆمەڵەیە بەقسەی ئیمامی ئەحمەدیان نەکرد و دەرچوون و جەنگیان کرد ، سەرەنجام هەموویان یان زۆربەی زۆریان کوژران و ئاکامێکیشی نەبوو ، ئەگەرچی خەڵکی زۆر باش و دڵپاکیش بوون بەڵام کارەکەیان لای زانایان پەسەندنەبوو، هەرچەندە بێ دەنگیەك دەبینین لەسەر کارەکەیان چونکە خەڵکی زانا و ناسراوی ئەهلی علمیان تێدابوو وەکو سەعید بەڕەحمەت بێت.

وە لەسەردەمی شێخی ئیسلام کەتەتارەکان وڵاتی ئیسلام داگیردەکەن و توشی هەزارەها خراپە و فەسادی دەکەن ، دوای هیدایەت و تەوقیفی خودا ، وە جەنگانیش لە میسر و هەندێ شوێنی تر گەیشتە ئەوەی موسڵمانان سەربکەونەوە.

سەردەمی مەغۆلیش بەهەمان شێوە ..!!

بە کورتی لە دەرەنجامی لای خۆمان دەبینی ئێستا کۆمەڵی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی و زۆربەی ئەنصار و لایەنگرانی مامۆستا کرێکار و باقی هاوشێوەکانیان وەکو ئەوانی تر دانیشتوون و خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیانن دوای ئەوەی چی ڕوویداو چی کوژراو چی خەفەت و ناڕەحەتی دروست بوو بەهۆی جەنگی ئەم گروپانەوە. دواتر بوون بە چەند پارچە و هاتنەوە بۆ خاڵی سەرەتا، بیرم دێ چەندین خەڵکی دڵسۆز پێی دەوتن کاکە چەکەکانتان دابینێن لە تەنیشتی خۆتان و خەڵك فێربکەن و بێڵن با ئەم کوردە ستەم دیدەیە پشویەك بدات ، بەڵام هەر وشەی جیهاد سەرزاری بەرنەدەدان تاوەکو ئەوەیان کرد کە کردیان و ئێستاش لەگەڵ ئەوانەی تا دوێنێ کوشتنیان جیهاد بوو ، ئێستا هاوسۆزن و یەك لیست و بگرە کەشین هەڵگەڕاون شیاوی ئەوپەڕی وەسف و سەنای موجاهیدی گەورەی دوێنی و جوێن فرۆشەکەی ئەمڕۆن..!!

نازانم بۆچی تادوێنی  بەڕەنگی سەوزەوە کافربوو بەڵام ئێستا بەشینی بووە بە میرمزایی عەرەب...!!

ئەمەش حاڵی دایکی هەموو گروپەکانە کە بەڕاستی وا خەریکی مشتومڕن لەسەر لابردنی ناوی(ئیسلامی) بە ناونیشانەکەیانەوە ، یان یەکێکیان دەڵێ: باکەس مەزایەدە بەسەرمانەوە نەکات ، ئێمە لەوەتەی دامەزراوین بانگەشە بۆ دیموکراتی دەکەین..!!

له کۆتاییدا دەڵێم ئاخۆ دەبێ کاری ئێمەی سەلەفی چەند ئارامگری و چەند زانست و چەند دانایی وبەردەوامی و هەوڵدانی بووێ بۆ ئەوەی ببینەهۆی گەڕانەوەی ڕوحی برایەتی و تێگەیاندنی لاوان و برایانی وڵاتمان بە هوو ڕەنگەکانی دڵ و زمان و ڕوومەتیانەوە ، بۆ ئەوەی بڵێن کاکە بەخوا هەرگیز ئیسلام ناگەڕێتەوە بۆ شکۆمەندی بەم هەموو پەرش و بەربڵاویەوە ، ئەگەریش بێتەوە ئێمە هۆکاری هاتنەکایەوەی نین تاوەکو دەست بەرداری ئەم پەرتەوازەییە نەبین. وەرە با هەموومان پێکەوە بانگەواز بۆ تەنها خوا پەرستی و شێوین کەوتنی سوننەت و هێنانەوەی شەریعەتی خوابین بۆ نێو کۆمەڵگەو دەرەنجامیش بۆ کارپێکردنی لە نێو سیاسەتی وڵاتەکەماندا .

ئەم وتەیە بۆ هەموو لایەکە هەم بۆ دەسەڵاتداران هەم بۆ میللەت و گروپ و چالاکوانانی مەدەنی و ڕۆژنامەوان و پاسەوان و کاربەدەست و گوێگرو بیسەری هەق . بەمەش نەڕقمان لە کەسی چاکەو نە لە دژی کەسی چاکین بەڵکو دەمانەوێ وتەو هەڵوێستمان یەك بخەین بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی موسڵمانان و ئیسلام وئاسودەیی وڵاتەکەمان.

وآخردعوانا أن الحمدلله رب العالمين

بلال جلال ٢٠١٣/٣/٧

# کلیل(١)

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن دعا بدعوته واهتدى بهداه..

أما بعد:

ئەمە نامەیەکی کورتە ، دێرەکانی کەمن ، قەبارەیەکی بچووکی هەیە ، بەڵام ئەندازەی بابەتەکەی گەورەوگرانە، مانای گەورە و فروانی لە ئامانج و مەوداو مەبەستی دا هەڵگرتووە، بۆچی نا ..؟! کاتێ رێنمونیەکی گەورە پێشکەش دەکات، وە وێنەی رێگایەکی ڕاست دەکێشێ بۆ ئەوانەی کە هیوای جوان و موبارەکیان پێوە ئالاوە ، کە پەروەردەکردنی لاوانی میللەتەکەمانە بەدرێژایی مێژووی کاتەکان و شوێنەکان، بەپێی رێگاو رێبازی پەروەردەی ئیسلامی تەواو تێروتەسەل.

لەلایەکی ترەوە : خاوەن گرنگی یەکی زۆرە ، پێکهاتووە لەهاندانێکی زۆر سەرنج ڕاکێش لە گەلێك سیفەتی چاك و بەئەمەك و تەواوکار ، لەوەش کە پێکهاتووە لە ئاگادارکردنەوەی ترسێنەر لە کەوتنە نێو کارە خراپەکان ، و هەڵسوکەوتە ناشرینەکان و لادانە بێ نرخەکان ، کە زۆرێك لە خەڵکی و جگە لەوان تێوەگلاوە ، وە کۆمەڵانێکی تریش جگە لەوان –لاوە چاکەکان– لەناو ئازاری تاوان و دۆزەخەکەیدا پێیان خزاوە.

وە پێکهاتەی ئەم نامەیەم دابەش کردووە بۆ چوار دەروازەو کۆتاییەك.

---

(١)ئەم ناونیشانەم بۆ داناوە لەبەر ئەوەی بابەتەکان ناویان ( دەروازەیە )..! جا پێویستە کلیلێك هەبیت بۆیان. وەرگێر.

* دەروازەی یەکەم : بریتیە لە باسی هۆکارەکانی دامەزراوی گەنجان بە ئەرێنی و نەرێنی بەشێوەیەکی وردو پوخت.

* دەروازەی دووەم : بە کورتیەکی بێ کەم و کورتی باسی گرنگترین سەرچاوەی هۆکارەکانی دامەزراوی لاوانم کردووە.

* دەروازەی سێ یەم:باسی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی لادانی گەنجان – خوا پەنامان بدات لێی – ئەویش لە چەند خاڵێکدا.

* دەروازەی چوارەم : جا ئەمیش ناونیشانەکەی{پۆلێن کردنی گەنجان لە ڕێگای لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە}وەیە.

* بەڵام کۆتایی : بەڕاستی هەندێ دەق و وتەم هێناوە کە گفتوگۆ لەگەڵ دڵ و دەروندا دەکات:

خوای تەعالا دەفەرموێ:" فَمَنْ يُرِدِ اللَّهُ أَنْ يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ وَمَنْ يُرِدْ أَنْ يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاءِ كَذَلِكَ يَجْعَلُ اللَّهُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ "[1]

واتە: جا ئەوەی کە خودا بیەوێ هیدایەتی بدات دڵی دەکاتەوە بۆ ئیسلام ، ئەوەش کە بیەوێ گومرای بکات دڵی تەنگ وگیراو دەکات هەروەك بەرەو ئاسمانەکان بەرزبکرێتەوە لەتاو کەمبوونەوەی هەوا بۆ هەناسەدان ، ئابەو شێوەیە خودا غەزەب و خراپە بەسەر ئەوانەدا دەدات کە باوەڕناهێنن}

---

[1](الانعام:١٢٥)

# دەروازەی یەکەم

## هۆکارەکانی دامەزراوی[1] گە نجان

ئەی خوێنەری شەیدا بۆ وشەی هەق و بڵاوکردنەوەی ، ئەی ئەو کەسەی جەخت دەکەیتەوە لەسەر گەیاندنی خێرو چاکە بۆ کەسانی تر، خودا سەرکەوتوت بکات بۆ گەیشتن بەرەحم و بەهەشت و ڕەزامەندی خۆی.

لەپاشان : بەراستی لەو شتانەی کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە خودا هەموو شتەکانی پەیوەست کردووە بە هۆکارەکانیەوە ، جا بەردەوامی و دامەزراوی لەسەر هیدایەت و چاکەکاری کردوەتە هۆکار بۆ گەیشتن بەرەحم و ڕێزی خۆی ، کە دەرون ئارام دەبێتەوە لە باخچەکانیدا ، ڕۆدەچێ (سەرخۆش دەبێ) بە بەروبوومە ناوازەکانی ،وە لەحەزە هەڵقوڵاوە پاڵاوتە و بێ خەوشەکانی دەنۆشێتەوە ،و لەژێر سێبەرە فێنك و خۆشەکەیدا سەرخەو دەشکێنێ ، چاکە و باشەی ئەو خوایەی کە سەرکەوتن و بەردەوامی هۆکارەکان هەر بەدەستی خۆیەتی...! !

هەروەها خوای گەورە کە عەزیز و حەکیمە – (بەتوانا و دانایە)– لادانی [1] (لاڕێی) لە ڕێگەی ڕاست و هیدایەتی کردووە بە هۆکار و شیاویی بۆ ئەوانەی لە نێو هێڵەکانیاندا

---

[1] الاستقامة : دامەزراوی لەسەر شتێك.(وەرگێڕ)

خۆگومڕادەکەن، وە لە تامی تاڵ و کاڵی ئارەزوەکانیاندا چێژ دەبەن ، لەو رۆژەی کە دەگەڕێنەوە بۆلای خوا ، ئەوسا دەزانن کە چ بەڵایەکیان بەسەردا دێت، وە پەروەردگاری خاوەن عزەت پرسیار لە بەندەکانی دەکات و هەرگیز پرسیاری لێ ناکرێت ، چونکە هەر خۆی بەدیهێنەرو دروستکەرە وە ئەوانیش دروست کراون ، هەر ئەوە فەرمانکار و ڕێگر و یاساغکار ، ئەوانیش ئەرکدار.

ـــ جا ئەگەر کارەکە بەم شێوەیە بوو ئەوا هۆکارەکانی دامەزراوی گەنجان کورت دەکرێتەوە(دەبێتەوە) لەمانەی خوارەوە:

١ـ بوونی پێشەوای ڕاساڵ و چاك لەو شوێنەی کە لاو تێدا دەژی وەکو باوك و دایك یان ئەو کەسەی بەخێوی دەکات و هەڵدەستێت بە پەروەردەکردنی و چاودێری ماددی و مەعنەوی ، لەبەر رۆشنایی فەرموودەی ڕەسوڵی خودا ﷺ:" مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلَّا يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ"( البخاري و مسلم) واتە هەموو لەدایك بوو یەك ، لەسەر سروشت (فطرة)[١]لەدایك دەبێ ، ئەوە باوانیانن کە وەریان دەچەرخێنن بۆ جولەکەی یان خاچ پەرستی یان ئاگرپەرستی.

---

[١]لادان: بریتیە لەلادان و پێچکردنەوە لە ڕاستەڕێ بۆ خوار و لار ، مەبەست لێرەدا لادانە لە قورئان بە تاوان و سەرپێچی و پشتگوێ خستنی ، وە لادان لە سوننەتەوە بەرە و بیدعە و گومڕایی.(وەرگێر)

[١]) فطرة : خۆرسك یان سروشت ، ئەم وشەیە مەگەر بە پێناسە ڕوون بکرێتەوە ، ئەویش بریتیە لەو بەرنامە سادەیەی کە خودا لە دڵی هەموو کەسێکدا داینـاوە ، کە ئەگەر بانگەوازی هەق و ناهەقیش

٢- پاکردنەوەی ماڵ لە هەموو ئامرازەکانی لادان و خراپەکاری بە هەموو جۆرەکانیەوە وە هەموو وێنەکانیەوە، کە بەراستی لای کەس عاقل شاراوەنین ، وەکو (تەلەفزیون ، سەتەلایەت ، ئینترنێت ، موبایل ، سیدی و کۆمپیتەر و میمۆری و... هتد) ئەمانە ئەگەرچی لایەنی باشیان هەیە بەڵام دەبێ سەد ئەوەندە وریایی ژەهرەکانی بیت.

٣- گرنگی دانی لایەنی پەیوەندی داری پەروەردەو فێرکردن بەگەنجان ، بەرپرسان لەشوێنە گشتیەکان ، دواتر شوێنە تایبەتەکان ، چونکە بەرێوبەرایەتیە گشتی یەکان بەرپرسن لە دیاری کردنی بەرێوەبەری قوتابخانەکان بە جیاوازی ئاستەکانی کوڕانو کچان یان هەردووکیان ، هەروەها مامۆستایان ، دواتر هەموو پەروەردەکاران ، چونکە ئەم کارە گرنگە و کاری چینێکی خەڵکی یە بەڕاستی گەردنیان ئازاد نابێت تاوەکو هەوڵێکی زۆر باش نەدەن بۆ باش دیاری کردنی ئەوەی کە بەڕاستی وشەی هەڵبژێراوی دەکرێ بە بەردا.

٤- لەبارەی بەرێوەبەرایەتی تایبەتیەوە کە ڕاستەوخۆ لە بواری پەروەردەدایە ، چونکە لەسەری بەند دەبێت و پشکی زۆری دەبێت و کاریگەری زۆری هەیە لە دامەزراندنی مامۆستا و ئاراستەکردنی لە ڕووی بەدەستهێنان و رێزو قەدرزانینی ئەگەر چاك بوو ، وە ئاگای بهێنێتەوە ئەگەر کەم و کورتی هەبوو ، وە پێشنیاری جوانی بدرێتێ بۆ باشتربوونی فێرکردن ئەگەر شلگیری و خەمساردی هەبوو ، یان کاتێ کە

---

نەبیسێ ئەوا خودا دەناسێت و لەسەر یەکتاپەرستی دەژی و دەمری ، چونکە بە پێی ئەو بەرنامە سادەیە حەزی لە چاکەدەبێت و ڕقیشی لە خراپە. (وەرگێڕ)

پێشەوایەتی چاکی لەدەستدا و بووبە پێشەوایەکی خراپ چونکە بەڕاستی هەرکەسێ ئەمە حاڵی بێت بۆ ئەوە ناشێ کە پەروەردەکاربێت.

٥– دروستی پرۆگرام، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئاین و زمان و مێژووەوە هەیە ، لەبەر ئەوەی کاریگەری سەلبی هەیە لەسەر پاکردنەوەی مێشك و پاراوکردن و چاکردنی دڵان و زیندوکردنەوەی ، چونکە ئەمەکاری پەیامبەران و ڕاستگویان و شەهیدان و پیاوچاکانە ، و ئەم کارەش ( پرۆگرام دروستی ) لەتایبەت مەندیەکانی کاربەدەستانی بواری پرۆگرام دانان و پێداچوونەوە و سەیرکردنە، کە بزانن دەگونجێ لەگەڵ ئاستە جیاوازەکاندا.

٦– پەیوەندی کۆمەڵایەتی ، بەشێوەیەك کە ژیرەکان بەشداربن لە گرنگی دان بە گەنجان بەپێی توانایان کە لە خێزانەوە دەست پێ بکەن لەبەرفەرمایشتی خوای گەورە: ﴿ وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ ﴾ ( الشعراء )

واتە : خزمە نزیکەکانت بەئاگا بهێنەوە و هۆشداریان پێ بدە.

هەروەها چاولێکردنی ڕەسولی خوا ﷺ کە لە خزمانی خۆیەوە دەستی کرد بە بانگەواز ، دواتر زۆربەی جیهانی گرتەوە وەکو شنەبای فێنك ، سەرەڕایی ئەوەش گەیشتە ڕۆڵەکانی کۆمەڵگاکەی ، بە ئامۆژگاریەکانی داپۆشین ، دەورەی دەدان بەئاراستەکردنی ئەوەی پێویست بوایە ، یان دەبووە هۆکاری بەهێزی بۆ ئەوانی تر ئەگەر پێویستان بە ئاگادارکردنەوە هەبووایە.

٧- پەیوەست کردنیان بەمزگەوتەوە وپاداگیرییان  بە نوێژی جومعە و جەماعەتەوە ، هەروەها نوێژە سوننەتە رەواتبەکان و نوێژی وتر ، نوێژی سوننەتی بەیانی ، بەڵکو پاداگیری و بیرخستنەوە لەسەر شەونوێژو پەیوەست بوون پێوەی وە هاندان و یادەخستنەوەی سودەکانی لە دونیاو دوارۆژدا ، چونکە بەراستی پەیوەست بوونی گەنجان بەوانەوە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هەڵسوکەوتیان وە تۆکمەکردنی حاڵیان ,چاکسازی دەرون ودڵیان.

٨- هاندانیان و پاداگیری لەسەر دانیشتن لەگەڵ ژیران و پیاوچاکان ، لەگەڵ زانایانی سەلەفی و ئامۆژگاری کاران ،ئەوانەی لە کۆرو دانشتنەکانیاندا جوانترین وتەکان باس دەکرێ کە بەرزدەبێتەوە بۆلای خوای مەلیك و زانا ، ئەوانەشی کە پێغەمبەر ﷺ نمونەیانی باسکردووە بە جوانترین وێنە کە بەنمونەی میسك فرۆش باسی کردوون کەدانیشتن لەگەڵیدا یان بۆنت دەداتێ یان تۆ بۆنی خۆشی لێ وەدەکەیت.(١)

٩- ئاراستەکردنیان بۆ بەکارهێنان و رێکخستنی کاتەکانیان بەتایبەتی کاتی منداڵی و لاوی بۆ ئەوەی لە بەدەستهێنانی زانستی بەسود و کردەوەی چاکدا بەکاری بهێنن. بەڵکو هەموو کاتەکانیان لە شتی بەسودی دونیاو دینی دا بەکاربهێنن و ئەم فەرمودەیەش بیربهێننەوە:

(١) عَنْ أَبِي مُوسَى رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ مَثَلُ الْجَلِيسِ الصَّالِحِ وَالسَّوْءِ كَحَامِلِ الْمِسْكِ وَنَافِخِ الْكِيرِ فَحَامِلُ الْمِسْكِ إِمَّا أَنْ يُحْذِيَكَ وَإِمَّا أَنْ تَبْتَاعَ مِنْهُ وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا طَيِّبَةً وَنَافِخُ الْكِيرِ إِمَّا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً.( البخاري: ٥٥٣٤ و مسلم:٢٦٢٨).

عَنْ ابْنِ مَسْعُودٍ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ : لَا تَزُولُ قَدَمُ ابْنِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عِنْدِ رَبِّهِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ خَمْسٍ عَنْ عُمُرِهِ فِيمَ أَفْنَاهُ وَعَنْ شَبَابِهِ فِيمَ أَبْلَاهُ وَمَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَ أَنْفَقَهُ وَمَاذَا عَمِلَ فِيمَا عَلِمَ.[٢]

واتە: مرۆڤ هەنگاوهەڵناگرێ لە خزمەت خوای گەورەدا لە قیامەتدا تاوەکو لەسەرپێنچ شت لێی نەپرسن ، تەمەن لەچیدا سەرف کرد ، گەنجێتی لە چیدا بەسەربرد ، ماڵی چۆن پەیداکردو لەچیدا بەخشی ، وچی کارێکی بەزانستەکەی کردووە).

١٠- کردنەوەی کتێبخانەیەك لەماڵەوە ، دانانی لەشونێکی تایبەتدا لەماڵەوە، وە پەرتوکی قورئانی پیرۆزو کتێبی (تفسیرابن كثير) و (تفسيرالسعدى )و ڕاڤەی ( رياض الصالحين)ی شێخ عوثه يمينبەڕەحمەت بێت ، و ((شەرحی ممتع) لە فقەدا ، وە (الملخص الفقهي) شێخی زانا فوزان خودا بیپارێزێت بۆمان، ( أعلام السنة المنشورة)ی حافظی حەکەمی ، هەرچۆن پێویستە ئەو زنجیرە و کتێبانەی کە تایبەتن بە ژیان و گوزەرانی هاوەڵان و تابعیەکان ، سەرباری دانانی کتێبی ( مختصر السيرة النبوية )ی ئیمامی نوێکار محمدی کوڕی عبدالوهاب بەڕەحمەت بێت ، هەروەها ئیتر بەو شێوەیە پەرەی پێبدات بەپێی پێویستی فێرخوازەکە ، وە بەردەوام بێت پلە بە پلە لە کتێبە زانستیە شەرعیە سەلەفیەکاندا.

[٢]( سنن الترمذي :٢٤١٦) تحقيق شيخ العلامة الألباني :حسن ، الصحيحة ( ٩٤٦ ).

١١- ئاگاداری و هۆشداری لە دانیشتن و هاوەڵی کردنی کەسانی فاسق و خراپ و بێ کەڵك ، چونکە لەگەڵیدا نیشتن و هاورێیەتی کردنی ئەوانە سوتێنەرە و خنکێنەرە ، چونکە هەرچی شتیکیان هەیە بریتییە لە قسەی زیادە ، کرداری خراپ ، وە هەڵسوکەوتی ناشایستە ، هەروەها ئاکام و سەرەنجامەکەشی لە ناوچوونی ژیان و بەرزەخ و ڕۆژی دواییە، جا بۆیە ڕەسوڵی خودا ﷺ نمونەی ئەمانە بەشێوەیەك هێناوە کە مرۆڤی هەست ونەست تەندروست بێزی لێبکاتەوە ، وە دڵی ڕاست و زیندوو ڕقی بێتەوەلێیان - هەر بەبیستنی - ، تەماشادەکەی بە کورەچی دەیان نوێنێ ، چونکە ئاشکرایە کورەچی کە دەچیتە نزیکی یان جلەکانت دەسوتێنێ یان تووشی بۆنێکی زۆر ناخۆش دەبیت لێیەوە.

١٢- ئاگاداركردنوەی گەنجان لەو شوێنانەی کە جگە لە خەڵکی فاسق و بێ فەڕ کەسی تر هاتوچۆی ناکات ، وەکو شوێنی خواردنەوەی شەراب و شیشە ونێرگەڵەو گازینۆکان ، کە لەگەڵ ئەم شتە خراپانەدا ماددەی ڕەش و بێهۆشکەری تێدەکرێت و لەناوبەرن، وەکو ئەو شوێنانەی ڕێگرن لە کاری خێرو چاکە نموونەی فیشەو بلیاردو تاوڵە و دۆمینەو شەترەنج و کیریم و بلۆت و وەرەق و فرفیرە و هاوشێوەکانی کە بڵاوە و ئاشکرایە و گەنجانی توشی کوشتن و بڕین کردووە و ژیانیانی لەناوبردووە ، ڕەوشتیانی تێکداوەو گەندەڵی کردوون ، ڕەوشتی سروشتی تێکداون ، دڵی نەخۆش خستوون، دەرونیان پربووە لە بێ نرخی ،وە لایداون لە چاکەکاری و نرخ بەرزی.

١٣- وریاکردنەوەی گەنجانی گەلانی موسڵمان لە بەردەوام بوون و خۆگرتن بە شەونخونی یەوە ، وە ئەوەش کەلەشەونخونی دا هەیە وەکو تەماشاکردنی زنجیرە دراما لەناوبەرەکان ، گوێ گرتن لە گۆرانیە ورووژێنەرەکان ، وە سەیرکردنی فلیمی سێکسی و هاونموونەکانی ، لەهەر کامێکی زەرەروزیانی خۆی هەیە لەسەر لەناوبردنی عەقڵ ، وسڕینەوەی مۆخ ، کوێرکردنی چاو ، وە لەدوای ئەوانەش لەدەستدانی ئەرك و فەرزەکان ، وە گۆڕانی حاڵ و بار ، وە گەلیش ئەوەی کە پێی دەڵێ پیاوی دوارۆژ ( گەنجان ) بەهۆی ئەم شتانەوە لەدەست دەدات .

١٤- ئاگادارکردنەوەی گەنجان لەسەر هەموو ئەو ڕێکخستنە حزبیانەی کە هەیە ، بە هەر ناوێکەوە بێت وە بە هەر ئامانجێك کە دەمارگیری و ڕێکخستنی نهێنیان هەیە و ڕێگە و ڕێبازی تایبەتیان هەیە و پێچەوانەی ڕێبازی سەلەفی صالحە لە ڕووانگەی بنچینەکانی شەرع و لقەکانیەوە ، وە دژی بانگەشەیە بۆلای خودا و هۆکارەکانی ، چونکە هاورێیەتی ئەوانە گەنجان گەندەڵ دەکات و دڵیان خراپ دەکات دەربارەی کاربەدەستان ئەگەر چی دەستیان لە چاکەکاری دابێت لە هەموو لایەك و هەموو شوێنێك دا ، بەتایبەتی لەم وڵاتانەی خۆماندا کە دوعای هیدایەتیان بۆ بکرێت لەلایەن هەموو موسڵمانێکی نێرو مێ ، و دوعای خێریان بۆ دەکەن لە ئاشکراو نهێنی و دڵەکان کۆبکرێتەوە لەسەر گوێرایەڵی کردنیان لە هەموو کارێکی خێروشەرعی دا.

چونکە ئەوانەی ناوی خۆیان ناوە چالاکوان هەرگیز ئەو چاکسازی خێروچاکانە نابینن ، ئەڵێی تام و چێژ لەوەدا نابینن کە لەم وڵاتە نازارەدا دەکرێت ـ وڵاتی هەردوو حەرەمی

شەریف– ئەوانەی کە لە نزیکی ئاخر زەماندا تەنها شوێنن بۆ مانەوەی ئیمان ، وە ئێمەش ــ بێ گومان ــ لە کۆتای زەماندایین ، ئەوەی کە درێژدەبێتەوە بۆ ئەو سنورەی کە خودا قەراری داوە.

دەڵێم: وە من دەشنووسم بەشێوەیەکی کورت : ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی بەردەوامی گەنجان ـ ئەوەی کە لە من داواکرابوو لەسەری قسەبکەم – بەڕاستی خەڵکی خاوەن ڕێبازی بزوتنەوەی ئیخوانی[1] خاوەن کۆمەڵێ وەسفن کەلای ئەوانەی کە فێرخوازی زانستن و قەدری زانست و کارکردنی پێی دەزانن زانراوە ، هەروەها لای ئەوانەش کە کەمێك تامی لە خواترسان و ئەداکردنی مافەکانی و مافی دروست کراوەکانی دەدەن.

وە ئێستاش هەندێ لەوانە باسی دەکەم بۆ ئەوەی پەندو ئامۆژگاری بێت بۆ ئەوەی کە توشی نەخۆشی بووە بەوانەوە و ڕێگەیان دەگرنەبەر ، وە سودی بۆ ئەوانە هەبێت کەخاوەن ژێرین لە خەڵکی بەتایبەتی گەنجانی دڵ گەرم بۆ کاری خێرو پاداگیرن لەسەر بانگەواز بۆ ڕێگەی خودا.

---

[1] ئێمە دەربارەی گروپە ئیسلامیەکان قسەدەکەین ، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە ، جگە لە ئیسلامیەکانمان بەبێ گفتوگۆ رەد کردۆتەوە ، نەك کەسانێك هەڵە تێبگەن و وابزانن ئێمە تەنها وتارمان لە ڕووی ئیسلامیەکانە، نەخێر ئەوەی ڕێبازەکەی عەلمانی و دیموکراتی و شیوعیەت و سۆسیالیستی و چەپ و ...هتد، ئێمە وتەیەکمان نیە لە ڕوونکردنەوەی لە بۆ گەنی ئەو ڕێبازانەدا چونکە ئاشکرایە کە دژ و پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە. ( وەرگێڕ)

١) زۆر پێداگرن لە کۆکردنەوەی گەنجان لەسەر ڕەوتی ئیخوانی کە لەدەرەوە هاوردەکراوە ، کە دامەزێنەرەکەی حسن بەنایە لە ساڵی ١٣٤٧ی کۆچی ، کە چاوپۆشی دەکەن لەوانەی کە بانگی دەکەن و کۆی دەکەنەوە کە ئایا سوننەیە یان بیدعە چییە یان ئەگەر ڕافزیش بێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پابەندنین بە(الولاء و البراء )ەوە ، خودا هیدایەتیان بدات.

٢) هەوڵدانی چڕوپڕ لە پەنهان و ئاشکرا بۆ لەپێ خستنی حکومەت لە وڵاتانی ئیسلام بەبێ جیاوازی بۆ هەر وڵاتێك لە وڵاتانی ئیسلام ، وە بە پلەی یەکەم شانیشینی سعودییە[١] ، وە ئەم کارەگێڕەشێوێنانەیە کە نیعمەتەکان کەم دەکاتەوە ، و قات و قڕی دەهێنێ ، وە پێچەوانەی ڕێگەوڕێبازی ڕەسوڵی داناو بەخشندەیە.

٣) دڵپڕکردنی گەنجان و هاوشێوەکانیان لەسەر کاربەدەستانی ئەم وڵاتە خودا پارێزراوی بکات لەهەموو خراپە و زەرەرێك ، وە شەڕی ئیرەبەران بەڕووی خۆیاندا بداتەوە ــ بۆئەوەی نەگەنە مەرامی خۆیان کە هەر هەوڵ بۆ ئەوەدەدەن ، بۆشی دەدورنەوە ، هەر بۆ ئەوەش بانگەشەدەکەن.

٤) زۆر سوێند بەخوا خواردن بەدرۆ و دەلەسەوە ، ئەمەش بەچاك دەزانن بۆ سەرخستنی بانگەشەکەیان کە بانگەشەی بۆدەکەن ، چونکە هەموو بانگەشەکان

---

[١] ئەمە وتەی شێخ زەیدە ، بۆیە هێشتومەتەوە ، چونکە ئەوە سەربەندی هەموو فیکرەکەیانە. ئەگینا بۆ ئەوەی کە ئایا سعودیە و وڵاتانی تریش پێویستیان بە چاکسازی بنەڕەتی هەیە ، کەس نکۆڵی لێ ناکات..! ( وەرگێڕ)

پێویستیان بەمە هەیە ، هەرچەندە ئەمە پێویستی بەوە نیە چونکە بنچینەکانی حسن بەنا بینای کردوە ، هەرچۆن شاعیرێکی ئیخوانی دەڵێ:

إن للاخوان صرحاً          کل[1]مافیه حسن

لاتسلني من بناه          إنَّه البَنَّا حسـن

واتە:

ئیخوان پلەو پایەی بەرزە          هەموو شتێك تێیدا چاکە

لێم مەپرسە کێ دایناوە          پێگومان بەنا حەسەنە

٥) خۆنەپاراستن لە درۆ کە پیاو ناشرین دەکات لە کاتێکدا واشی دایدەنێن بۆ بەرژەوەندی بانگەوازیانە – بۆ رێبازکەیان – ، بۆیە لەسەر ئەو درۆودەلەسانە زۆر بێ باکن لە رۆچوون چ سەرکردە یان شوێن کەوتە.

٦) هێرشکردنی نهێنی و ئاشکرا بۆسەر کاربەدەستان وزانایان ، تەنانەت موفتی ولآتانی ئیسلام کەشایەتی بۆ دراوەو دەدرێت کە خاوەن قەدر و رێزو علم و زوهدو وەرەعە تەنانەت دوژمانی ئیسلامیش ئەوەیان لێ بیستراوە، لەکاتێکدا پیاوێکی ئیخوانی قسەی پێ دەڵێ بەشێوەیەك کە قەڵەم بەدەستان دەستەوسانی نوسینەوەین ، خۆ من

---

[1] ئەمەش زیادەڕەویە لە وەصفی ( حسن بەنا)دا بەرەحمەت بێت ، وە ئەوەی کە تەواوە و کەموو کوڕی تێدانیە و هەمووی چاك و باشە ... تەنها کیتابی خودا و سوننەتی پەیامبەرە.

لەکاستێکدا بیستوومە کە یەکێك لەو هەڵسوڕاوانە لە جەزیرەی عەرەبیدایە ڕوو دەکاتە شێخ ( إبن باز) ـ رحمه الله ـ دەڵێ:

أو أنت يا علم السماحة والندى قد جئت ضمن جحافل الاحزاب

مـاذا أقـول لأمتي وشبابها ماذا أقول وفيك أنت مصـاب

قد جئت تقدم خيلهم وجموعهم لتقاتلـوا شيخي علـى محرابي

واتە:

یاوەکو تۆ ئەی زانا و بەشکۆ و شەونم واهاتی لەگەڵ قافلەگری حزبانا

چی بە لاوانی میللەت و گەنجانی بڵێم چی بلێم کە تۆ لێقەوماویت تێدایا

هاتویت و پێشی سوارانیان کـەوتوی بۆ کوشتنی شێخەکەم لەسەر محرابا

٧) دەرچوون لەسەرکردەکان بە هەموو جۆرەکانی دەرچوون ، بەبێ ئەوەی کارەکانیان بە تەرازووی شەرع بپێون ، وەبێ تێروانین لە ئاکامی کارەکان ، لەکاتێکدا ئەمەکاری خەواریجە کە پێغەمبەر ﷺ زەمی کردون و بە خراپ باسی کردووە ، بەڵکو هانی کوشتنی داون ،و ڕوونی کردووەتەوە کە چەندێ خێری تێدایە ، لەگەڵ پاداشتی گەورە(دەست کەوتوو). {ئاگامان لەوە بێت کە ئەم دەرچونە لە سەرکردەیەك شەرعی نیە کە موسڵمان بێت ، ئەگەر نا ئەو کاتە ڕەچاوی بەرژەوەندی و خراپەی کارەکە دەکرێت و لە هەلومەرجی تایبەت و گونجاودا بەهەر شێوەیەك بێت چاکسازی بەرپا

دەکرێت ، ئەگەر توانا نەبوو خودا ئەو ئەرکەی لەسەر کەس دانەناوە کاتی بێ توانایی ، لەگەڵ تێکۆشانی هەمیشە بۆ ئەو توانایە }

٨) گرنگی نەدان بە بواری بیروباوەڕی ئیسلامی ڕاست ودروست کە بنچینەی ئاین و پایەوبنەوایەتی ، لەبەر ئەم هۆکارە ـ هۆکاری تریش هەن ـ دەیانبینی ئەمیان سونی و ئەوایان شیعی و ئەویان قەبر بەرستی و {ئەوی تر صۆفی گەر و ... هتد، ئەگەر بەتەواوی لایەنگری ئەوانە نەبن سیفات و گاریگەری ئەوانەیان پێوە دیارە...} ، تەنها سیستمی حزبی کۆیان دەکاتەوەو تەواو ، کەبرایەتی و یەکسەرخستن و پشتی یەکگرتنی ئەم بەڵا سەرسورهێنەرانەیە...!!

٩) حەز لە رێکخستنی نهێنی لەریگەی ڕێکخراوە ڕوناکبیریەکانەوە ، یانە وەرزشیەکان ، و چالاکیە ئاشکراو گەڕۆکەکانیانەوە ، بەڵکو قوتابخانەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزی فێرخوازی ، کە بەراستی دەبێ گەورەوگران ڕابگەربت بۆ ئەوەی خەڵکانی خیانەت کارو خراپ خۆیانی لە ژێردا حەشارنەدەن ،و دڵپاکی کارمەندانیان هەڵقۆزیوەتەوە.

١٠) دانانی هەندێ شت جگە لە شوێنی شەرعی و ڕاست و دروست : وەکو پیاهەڵدانی بیدعەکاران ، و پیاهەڵدان بەزیادکردنی قوربانی و بەخشین لە شتی خێرو ڕێبازی پێغەمبەرانەی تۆکمەو بەجێ.. {ئەمەش هەندێ جار لەو ناوچانەی دەروێشایەتی و صۆفی گەری تێدا بالایە}

١١) بەرزکردنەوەی درووشمی ((غیرەت)) لەسەر شەریعەتی ئیسلامی ، خۆپیشاندان وەکو هەندێ لە علمانیەکان و هاوشێوەکانی ، جگە لە هەندێ کاری نهێنی ، هەڵسوکەوتانێکی ناشیاو لەو کۆمەڵانەوە پێچەوانەی ئەو نیشاندانەیە لە ڕووی گوفتارو کردار و بانگەشەوە ــ زۆرجار ــ . {بیرم دێ چەند ساڵێك پێش ئێستا لە کەلار بە هۆی هەڵبژاردنی نێوخۆیی یەکگرتووەوە هەندێ ئەندام تەشهیری بە بنەماڵە و نازناوی ئەندامی تر کردبوو ، هەر ئەوەش بووە هۆی وازهێنانی ئەوانەی کە سوکایەتیان پێ کرابوو، هەروەها لە نێو کۆمەڵی ئیسلامیشدا دوو باڵەکەی کاك ن.... و بنەماڵەی مامۆستا.... تا ئێستاش ماوەتەوە وەکو خەڵك و خۆیان دەگێرنەوە ، هەروەها لە نێو یەکێتیشدا خۆ ئاشکرا دیارە لە دوای ئەو هەڵبژاردنەی نێوخۆ بوو بە هۆی دروستبوون و جیابوونەوەی گرۆی گۆڕان. سوسیالیستیش لە هەڵبژاردنێکدا بووبە دوو بەرەوە.... ئەمەش بۆ لاوان گرفتاریە کە بە هۆی ئەو سەرانەوە دەبنە چەندین پارچە و ئەم میللەتەی پێ پەرتەوازە دەبێت}

١٢) وتنی قسە و شتی ناشیاو بە زانایانی ئیسلام ، وەکو تۆمەتی ناهەقی ((بەکرێ گیراو))ی وە کەوتنە ژێرکاریگەری و زۆرەوە ، نەبوونی تێگەیشتنی شەقام (واقع) ، مردنی غیرەت لەسەر دینی ئیسلام لە دڵیاندا ، وە نیگەتیڤی گەرانەوەی زانستی بۆ شتەکان.{ یەکێك لەوانەی کە زۆر داخ لە دڵە کاك قانیع خورشیدی ناحیەی صمودە ، کە هەوڵی خۆی چرکردۆتەوە و هەر لە ئیمامی ئەحمەدەوە تاوەکو بچوکترینی سەر ڕێبازی ئەهلی ئەسەر ( ئەهلی سوننەت) بەکەسیانەوە نەوەستاوە ، وای زانیوە ئەم

قەپگرتنە تێری دەکات ..! نازانێ گۆشتی زانایان ژەهراویە بۆ کەسانی ناحاڵی کە ناماقوڵی بکەن بەرامبەریان..!!}

١٣) زۆری پەیمان و هەڕەشەی کوشتن لەسەر ئەو کەسانەی بەدەسیانەوە نایەو قسە لەسەر ڕێباز و ڕێگەیان دەکات ، جا یەکێك لەسەرە بچوکەکانیان نامەیەکی بۆ ( شێخ أحمد بن یحیی النجمیی) ناردووە کە تێیدا ، جوێن و قسەی ناشیاو هەیە، فاسق کردن و لەکەدارکردن ، کە بەڵگەیە لەسەر بوونی ڕق و کینە لە دڵیدا بەرامبەر ئەوانەی ڕەخنە لە ڕێبازەکەی دەگرن، کە تێکەڵ بووە بە خوێن و گۆشتی ، وە دەستی گرتووە بەسەر دڵ و زمانی دا. جا ئەم نامەیەم ناو ناوە سەرەڕای بچوکی نامەکە ڕەخنە و بەر پەرچ لەسەر قسە هەڵبەستراوەکانی ، تۆمارم کردووە لە دە ژمارەدا کە لە کتێبی ( الأجوبة السدیدة) {ج٣/ ص ٣٠٧ ـ ٣٠٨} چاپی دووەمدا ، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی خوێنەر بزانێت ئەو ئیخوانیانە {جگە لەوانیش زۆرن ئەوانەی کە زۆر زبرن بەرامبەر بەهەڵگرانی ڕێبازی ڕەسەنی ئەهلی سوننەت (سەلەفی) ئەوەی پێی بوترێت حزب ڕقی لە ئەهلی سوننەتە ، بە چەپ و ڕاستیانەوە..!!} چەند دڵ پڕ لەڕقن دەربارەی فێرخوازانی سەلەفی هەرچەندە سەلەفیەکان خاوەن زانست و بانگەواز و ڕاستگۆیی و خۆپارێزین ، نەك ئەوەی کە جاسم المهلهل کە یەکێکە لەسەرکردەکانی ئیخوان دەیڵێ(( بەڵکو بانگەشەی ئیخوانی هەموو ئەو کەسانە ڕەد دەکاتەوە کە پەیوەست نین بە پیلان و سیستمی ئیخوانەوە ، ئەگەر چی باشترین خوێنەری کتێب و خاوەن ئەوپەڕی حەماس بێت و خاوەن خشوع بێت لە نوێژەکانی دا لە موسڵمانان زیاتر..!

١٤) زۆری چەواشەکاری و دەمەقالێ لەگەڵ ئەوانەی کە بانگەواز یان دەکەن بۆ گەڕانەوە لەهەڵە فیکری و مەنهەجی یەکان کە خۆیان هەر هەمووی بە تەواو و چاك دەزانن ، جا هیچیان لێوە نابینیت جگە لە هەندێ سوێندی دووبارە بۆ باش کردن لەوەی تێیاندایە و نەفی کردنی لاڕێییەکان و بگرە چەسپاندنی هەموو چاکی و چالاکیەك بۆ خۆیان ، ئیتر ئەو بەندەیەی کە بانگەوازیان دەکات و جگە لەوانیش بۆلای خودا، لێ دەگەڕێن و گوێ نادەن ، تۆش هەردەبێ بڵێی (سبحان الله) و (لاحول ولاقوة إلا بالله). بەڵام ئەوانەی کە شارەزایی ئەم ڕێبازە نین لە ڕووی مەنهەج و بنەواو سەرکردایەتی و دیدگاوە ، بەدڵنیایەوە دەکەونە چاڵ و خەندەقەکانیانەوە هەر وەکو پەپولە کە بەگڕدەسوتێ لەبەر سەرسام بوون بەگڕ و ڕووناکیەکەی ، چونکە لە ڕوواڵەتدا غیرەت و هەوڵدانیان بۆ ئیسلامە ، بەڵام لەپەنهانی و نهێنیەکاندا هەر مەکرو فێڵ دەکێشن بۆ لەناوبردنی ڕێبازی سەلەفی , خۆشەویستیانێ کە خودا دڵی ڕوناك کردون بۆی ، وە حاڵی باش کردون ، لەبەر دەستگرتن بەکیتابی پەروەردگاریان ، و سوننەتە ڕاستەکانی ڕەسولی خوداوە ، وڕێبازی سەلەفی صالح و چاکەکار و چاکسازەکانەوە.

١٥) زیادەڕۆیی کردن لە گۆرانی و سرود وتندا ، وەگرنگی دان بە لەبەرکردنی گۆرانی و سرود و مارش و قەصیدەکان ، وە تام و چێژبردنی زۆرترسناك لێی کە زۆرێکی هاوڕێ لەگەڵ ئامێرەکانی ئارەزوبازی و مۆسیقادان ، وەکو عودو جگە لەویش ، هەروەها ڕەواج دەدەن بە هەموو شێوەیەك و بە هەموو شکڵێك بەو کارە جا دەڵێن: ئەمە گۆرانی

و سرودی ئیسلامیە ، جائەوەی هاوڕا نەبێت لەگەڵیدا ئەوا فەهمی واقعی نیە و لە پەندی زەمانە تێنەگەشتووە..!!!، لەم کەش و بارە تێناگات ، نە لە کۆن تێ گەیشتووە و نە لەتازە...!! جا هەندێ لەو نمونانە پێیان وتم: (من سرود دەڵێم بۆ خەڵك تادەبنە گریانەوە) ئەوە هەر چەند لەهەڵسوڕاوانی ئەو جەمەعاتە بوون . هەر لەبەر ئەمە ئەو شعرەم بیردەکەوتەوە:

تلي الكتاب فأطرقوا لا خيفة لكنه إطراق ساه و لاه

و أتى الغنا فكالذباب تساقطوا و الله ما رقصوا لأجل الله

دف و مزمار و نغمة شادن فمتى رأيت عبادة بملاه

١٦) چپەچپی هەڵسوڕاوانی ڕێبازی ئیخوانی بۆ هەر کەسێ کە پێچەوانەیان بێت لە بۆچون و فیکردا ، لە زانایان و فێرخوازان و ئەوانەی لەسەر ڕێبازی سەلەفی صالحن ، کە گوایە ئەمانە زانایانی کاغەزین ، زانای خراپن ، پەککەوتوو و دانیشتوون ، وە کنارگیری خۆیان بەم هاش و هوشە دادەپۆشن ، بەبیانوی ئەوەی ڕەسوڵی خودا لە مەککەدا سیانزە ساڵ هەر بانگەوازی یەکتاپەرستی دەکرد ، کاکە ئەم کاتەکاتی ڕوبەڕوبونەوەنیە!! وە شتی تریش لە بابەتی ترەوە نوسراوە. جا ئەگەر گومانت هەیە لەسەر ئەوەی باسکرا بەو شێوە ترسناك و خراپەبن بەو ئەندازەیە ، وەرە و گوێ بگرە لەم هەڵسوڕاوۆچکەیە لەسەر زۆرێك لە کتێبی بیریارانی ئیخوانی پەروەردەبووە ، گوێبگرە و سەیربکە چۆن گوفتاردەکات بەرامبەر زانایان و ئەوانەی سەرقاڵی نووسین و

زانستی شەرعین لەسەرتاپای مێژووی سەردەمان ، ئەوانەی کە خەرێکی بەرزکردنەوەی دروشمەکانی ئیسلامبوون بە بنچینەوەو لقەکانیەوە لەگەڵ بانگەوازی بۆلای خودا لەسەر رێبازی سەلەفی صالح و نەبەوی ، تەنها ئەوەیە کە ئەمان بەسەرهێڵ و نەخشەی هەموو بزوتنەوە و سیاسیەکدا نارۆن ، دەستیان نەداوە بە ڕوبەڕوبوونەوەی حکومەت و دەرچوون لێیان ، ئەم حەرەکیە بەم شێوەیە لەگەڵیاندا هەڵدەڵێ:

صل ما شئت وصم فالدين لا يعرف العابد من صلى و صاما

واجعل السبحة مترين و خذ عمة بيضاء و اصبغها رخاما

و اترك العلم في غوغائه يتلظى في لياليه اضطراما

أنت قسيس من الرهبان ما أنت من أحمد يكفيك الملاما

تترك الساحة للأوغاد ما بين قزم مقرف يلوي الزماما

..... دیڕەکانی تریش...

یەکێك لە برا بەرێزو زانای سەلەفی گوتەیەکی ووتووە لەسەر ئەم دێرە شعرانە : لەم چەند دێرەدا گرنگی و گەورەی دراوە بە سیاسەتی گومرایی و لارێی ، وە پشت پێ بەستنی، وە خراپە ووتراوەبە زانایان و زانست و نوسراوەکانیان ، دەڵێ زانست نەسودی هەیە و نەکەڵك ، نەتەسبیح و نە عیبادەتیان.. مادامە خۆیان بەفقهی بزوتن و حەرەکەداهێنراوەکانەوە خەریك ناکەن ، بەڵکو نزیکی تەکفیر کردنیان بەم دێرە:

أنت قسيس من الـرهبان ما        أنت من أحمد يكفيك الملاما

وتم: خاوەنی ئەم دێڕە شعرانە ڕەواجدانی زۆر گەورە وگران هەیە بەکتێبی سيد قطب و أبي الاعلى المودودی ، و جگە لەوانیش ، خودا بانگەوازکارانی ڕێگای هەڵە و خاوەن هەڵەکانی بگێڕێتەوە بۆ ڕێگای حەق و ڕاستی بە جوانترین گەڕانەوە.

١٧) هەڵبژاردنی ئەمیرگەلێك لەسەر ڕێکخراوەکانی لەسەر مەنهەجێك لە هەموو ناوچەیەك و یان هەر شارێك بەپێی پێویستی خۆیان ، جا ئەو ئەمیرانە زۆرجار لەو گەنجە لە خۆبایی بووانە دەبێت کە مەغرورن بە خۆیان و پۆستە سەرداریەکانیانەوە کە سەرکردایەتی داینەون لەسەر پەیڕەو و بڕگەی پرۆگرام ، وە ناچاری پێدانی بەیعەت و پەیمان دەبن کە ئەمە لە هەموو کەسێك داواناکرێ لە ناو ئیخواندا مەگەر دوای بڕینی هەندێ پلە ، کە هەموو موریدێك لەکاتێکی درێژدا دەیبڕێت ، کەهەندێ پێشەکیشی هەیە ، وهەندێ پەیمان و بەڵێنی لەسەرە ، بەوپێیەی کە ئەوەی لەگەڵیاندا ژیاوەو دواتر خوداپێش چاوی ڕون کردۆتەوە بۆ ڕێبازی سەلەفی ڕوون و ئاشکراو سەلامەت ، جاخودا دەزانێ چەندە زۆرە ئەو بەیعەت و پەیمانە نهێنیانەی هەردولا پێکەوە دەبەستێ ، و هەندێ سەری لەکاری خراپەو لایەنی تریش سەری لە تەقینەوەو شتی تریش دەردەکات.. {جێی ئاماژەیە ئەوانەی فیکری خۆ تەقاندنەوە لە مێشکیاندا چێنراوە ، بە ئیخوان فیکرەکان دەڵێن ترسنۆك ، بە سەلەفیەکانیش دەڵێن عەمیل و بەکرێ گیراو...!! خەڵکی بێ چارەش نازانن باوەڕ بە کامیان بهێنن..!!}

١٨) پەنهان کاری و ڕەنگینی و نزیکبوونەوە لەو کەسانەی کە گومان دەبەن خزمەتی مەبەستەکانیان دەکات ، هەر ئەمەش حالێ و مەبەستیان دەشارێتەوە لە تێکەڵاوی کردنی هەندێ لە زاناو بانگ خوازەکان بۆ ماوەیەکی درێژ ، کە دەربڕین و پەیوەندی گەلێك دەردەبڕن کە زۆر یاساغ و نەرێ کردنی حاڵیانی تێدانیە ، جگەلەمەش دەشارنەوە و نایدرکێنن مەگەر لای سەرکردەکانیان یان هاوشێوەکانیان.

١٩) هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بۆ دەسەڵات ، وە ناوداران دەکەن بە هۆکارو ئاواز ... ڕێگەیەك لە ڕێگەکان بۆ خزمەتی ڕێبازەکە ، جابۆیە دەیان بینی بانگەوازیان هەمیشە کورت دەبێتەوە لە ناوبردنەوەی کاربەدەستان و دەسەڵات داران کە بە موشریکی دەسەڵاتی دادەنێت (مشركين في الحاكمية) بەبێ گرنگی دان بە شرکی پەرستن کە یەکەم کاری پێغەمبەرانی خودابووە کە دەستیان داوەتێ و دژی وەستاون و بانگەوازای خەڵکیان کردووە بۆ یەکتاپەرستی ، هەتا کەسێکیان لە بەرپەرچ دانەوەی سەلەفیەکاندا دەڵێ : وازمان لێ بێنە لە شرکی مردوان چونکە بەسەرچوو ، وەرە سەر شرکی زیندووان ـ الحكام ـــ دەسەڵاتداران . پەنابەخودا لە کوێربوونی چاوەکان لەسەر ڕوونی و ملکەچ بوونی ئارەزووەکان کە هەر کەس ملکەچی بێت گومرادەبێ و سەرلێشواو دەبێ.

{خوێنەری بەرێز : ئەم خاڵە ئەوە ناگەیەنێ کە سەلەفی و سەلەفیەکان و زانایان گوێنادەنە باسەکانی دەسەڵات و حوکم و دادپەروەری ، نەخێر ، بەڵکو زۆریش بەلایانەوە گرنگە و هەوڵی بۆ دەدەین ، وە ئەوکەسەی وا لەسەلەفیەکان تێ بگات هەوڵ

بۆ هێنانەکایەوەی حوکمی خودا و دەسەڵاتی ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامی نادەن ، یان گومانی لەو هەوڵانە هەیە ، بەڕاستی با گومان لە ئەقڵ و ژیری خۆی بکات ، چونکە سەدان حوکمی ناشەرعی و پێچەوانەی ئیسلام لە وڵات و دەسەڵاتدا هەیە تەنها سەلەفیەکان بەڕوویدا وەستاون ـ هیچ کام لە حزبە ئیسلامیەکان گرنگی پێ نادەن ــ وەکو سولفەی عەقار ، یانە و بارەکان ، جەژنی ڤالانتاین ، جەژنی کرێکار ، جەژنی سەری ساڵ ، فرە ژنی ، تێکەڵاوی خوێندکار ، گۆڕپەرستی ، ئیلحاد ، دیموکراتی ،وە زۆرشتی تریش...(بلال )

بەڵام تاکە جیاوازی هەوڵی ئێمەی سەلەفی و ئەوانی لارێ ئەوەیە کە ئێمە مەزایدە بەسەر ئیسلامەوە ناکەین و بەگەزی خۆمان پێوانەی ناکەین ، بەڵکو پلە پلە دەڕۆین و تێدەکۆشین ، زانست ، کردار ، بانگەواز ، ئارامگری ، تێکۆشان و جیهاد , کوشتار و مردن لە پێناو ئاینی ئیسلامدا بە حەق و ڕەوا دەزانین ، ئیتر با کەم گەنجان و خەڵکیش چەواشە بکرێن بەرامبەر ئەم ڕێبازە پاکە ...!!}

٢٠) زیادەڕەوی دەکەن لەوانەی کە پەیڕەوی ڕێبازەکەیان دەکەن لەسەرکردەو بیریارەکانیاندا ، هەتا وای لێ هاتووە ئەم زیادەرەوییەی دەکەن بوە بەئاشوب بۆ هەندێکیان جا کەوتونەتە هەندێ هەڵە و سەرپێچیەوە لەکتێب وشەکانیاندا کە نەدەبوو تێی بکەون ، جا گوێ بگرە لە نموونەیەك لە نموونەی زیادەڕۆیی لە چوار کەس لەوانەی کە دەربارەین دەڵێن سەرکردەی بزوتنەوەو زانایانی سەردەم :

فالحمد لله فالآمال مشـرقة          مادام في صفنا سلمان أو سفر

أهل التقى و النهى و العلم علمهما          هما لهذي البلاد الشمس و القمر

سلمان يا سلم الديان طلعته          فقيهنا شيخنا و الرأي معتبر

.... گەلێك دێری تریش...

جا هۆنراوەکە درێژە ، دڵی لایەنگرانی گرداوە ، جۆش و خرۆشی خستۆتە دڵی ئەوەی کە بەشی کەم بووە لە تێگەیشتن لە ئاین ، لەسەر ئەو شێوەی کە ڕێزدارترینی پێغەمبەران بۆی هاتووە ، وەکۆتای پێغەمبەران صلى الله عليه وسلم ، هاوڵان و زانایانی زانستی ڕەسەن هەڵیانگرتبوو ، کردارچاکان ، بیرڕاستان ، ئیمان و یەقین داران . جا هەر کەس هەنگاوی ئەوان هەڵگرێت سەرفرازدەبێت تا ڕۆژی دوای ، وە هەرکەس لەڕێگەو ڕێبازیان لابدات لە ڕێنیشاندراوان نیە و لە کەسانی سەرفراز نابێت.جا ئەمە کەمێك بوو لە زۆرێك لەوەصفی حزبەکان و گروپە حزبیەکان کە بەڕاستی پێویستە بزانرێت و ئاگاداری لەسەر بکرێتەوە ، وە هەموو کەسێکی لەسەر ئاگادار بکرێتەوە ، کە ترسی تێ کەوتنی و مەغروربوونی هەیە بەهۆی بانگەشەکارانیەوە کە شەو بەدەم ڕۆژەوە دەدەن لە بانگەوازکردنی خەڵك بۆ ڕێکخستنەکانیان ، بۆ ئەوەی ببن بەسەربازانێك کە بەهەوڵەکانیان بگەنە خەڵات یان دەسەڵاتێکی نموونەیی وەکو ئەوەی خۆیان پروپاگەندەی بۆ دەکەن و هەوڵی بۆ دەدەن ، وە تۆمەتی کوێرەوەری دەدەنەپاڵ ئەوانەی کە ئەو هەوڵەی ئەوان نادەن. بۆیە دەبێت وریاکردنەوەو وریایی

بدرێت  لەهەموو ئەو ئاراستانەی كە لادەدەن لەسەر رێبازی سەلەفی حەقیقی { ئەگەر سڕوری بێت یان ئیخوانی یان تەبلیغی یان علمانی یان دیموكراتی و شیوعی و هەر رێبازێكی تر..} ئەوانەش كە تەنها سەرخەریانن لە ئاراستە لارێیەكان لە مەنهەجی سەلەفی صالح ئەوانەی لەسەر رێگای ڕاست بوون ، ئەو ڕێگایەی خودا رێنمونی كرد بۆی و وەسێتی ئەوەی كردوون:" وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ "[الانعام: ١٥٣]

واتە: بەدڵنیایەوە ئەمە ڕێبازە ڕاستەكەی منەو شوێنی بكەون ، وە شوێن ڕێچكەكان مەكەون ، چونكە جیاوازی و دوبەرەكتان دەكات لە ڕێگەكەی ، بەو شێوەیە ئامۆگاری كردوون بۆ ئەوەی تەقوا بكەن.

تەنها خودای گەورە پەناگایە.

# دەروازەی دووەم

## سەرچاوەكانی هۆكارەكانی دامەزراوی

بەدڵنیایەوە ئەوەی كە دوان لە زانایان ناكۆك نابن لەسەری ، هۆكارەكانی دامەزراوی ئەركدارانە (مكلف) بەگشتی ، وە گەنجانیش بەتایبەتی ، لەم سەرچاوانەوە هەڵدەقوڵێ:

١- قورئانی گەورەو پیرۆز و زیكری حەكیم ، ئەوەی كە خودا بۆ ڕوونكردنەوەی هەمووشتێك نازڵی كردووە ، هیدایەت و مژدەو رەحمەتە بۆ موسڵمانان خودا ئامۆژگاری بەندەكانی زۆر كردوە بەگرنگی دا پێی ، وەكو:" وَاتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنْ كِتَابِ رَبِّكَ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَلَنْ تَجِدَ مِنْ دُونِهِ مُلْتَحَدًا"[الكهف:٢٧].

واتە: ئەوەی بەوەحی بۆهاتووە بیخوێنەوە بۆیان لەكتابی پەروەردگارت ، كە هیچ گۆڕانێك لە وتەكانیدا نیە وە شتی وا لە جگە لەودا نابینی تەوە.

وە:" اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ" [العنكبوت: ٤٥].

واتە: ئەوەی بەوەحی بۆت هاتووە لە كتێبی پەروەردگارت بیخوێنەوە وە نوێژ ئەنجام بدە ، بەدڵنیایەوە نوێژ ڕێگری دەكات لەخراپە و تاوان و فەساد ، وە یادی خودا گەورەیە ، و ئەوەی ئەنجامی دەدەن خودا دەیزانێت.

هەر چۆن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمایشتی کردوە بەگرنگی دان بە قورئان لە زۆرجار و لە زۆر شوێندا ، وەکو فەرموودەی:" اقْرَءُوا الْقُرْآنَ فَإِنَّهُ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَفِيعًا لأَصْحَابِهِ اقْرَءُوا الزَّهْرَاوَيْنِ الْبَقَرَةَ وَسُورَةَ آلِ عِمْرَانَ فَإِنَّهُمَا تَأْتِيَانِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَأَنَّهُمَا غَمَامَتَانِ أَوْ كَأَنَّهُمَا غَيَايَتَانِ أَوْ كَأَنَّهُمَا فِرْقَانِ مِنْ طَيْرٍ صَوَافَّ تُحَاجَّانِ عَنْ أَصْحَابِهِمَا اقْرَءُوا سُورَةَ الْبَقَرَةِ فَإِنَّ أَخْذَهَا بَرَكَةٌ وَتَرْكَهَا حَسْرَةٌ وَلاَ تَسْتَطِيعُهَا الْبَطَلَةُ "(مسلم١/ ٥٥٣)

واتە: قورئان بخوێنن چونکە تکاکاری ڕۆژی قیامەتە ، دوگوڵەکە ـ البقرة و آل عمران ـــ بخوێنەوە چونکە ڕۆژی دوای وەکو دووپەڵە هەور یان دوو پۆلە باڵندە دێن و بەرگری لە خاوەنەکانیان ـ خوێنەرەکانیان ـ دەکەن ، دواتر فەرمووی سورەتی بەقەرە بخوێنەوە ، چونکە بەرەکەتە ، وازهێنانی پەشیمانیە ، دەست بەتاڵان نایتوانن.

هەروەهافەرمووی: " خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ" (البخاري)

واتە: باشترین تان ئەو کەسەیە فێری قورئان دەبێت و خەڵکی فێردەکات.

هەروەها :" يُقَالُ لِصَاحِبِ الْقُرْآنِ اقْرَأْ وَارْتَقِ وَرَتِّلْ كَمَا كُنْتَ تُرَتِّلُ فِي الدُّنْيَا فَإِنَّ مَنْزِلَكَ عِنْدَ آخِرِ آيَةٍ تَقْرَؤُهَا " ( ابو داود و الترمذي : صححه الالباني في السلسلة الصحيحة: ٢٢٤٠ )

واتە: بەقورئان خوێن دەوترێ بخوێنەوە و بەرزبەرەوە هەرچۆن لە دونیا دەتخوێندەوە ، چونکە شوێن و ڕێگەت لەگەڵ کۆتا ئایەتە کە دەیخوێنیتەوە. وە جگە لەم دەقانە زۆرتریش هەن لە قورئان و سوننەتدا ، جوانی هۆنیوەتەوە ئەوەی دەڵێ:

هو الكتاب الذي من قام يقرءه كأنــما خاطب الرحمن بالكلم

هـو الصراط هـو الحبل المتين هـو الميزان و العروة الوثقى

هـوالبيان هو الذكر الحكيم هو التفصيل فاقنع به في كل منبهم

هـو البصائر و الذكرى لمدكر هو المواعظ و البشرى لغير عمي

...دێڕەکانی تریش...

وتم: بەراستی نرخی ئەم قورئانە گەورەیە ئەم زیکری حەکیمە ، ئەم کتێبە مان ڕوونە، تەنها سەلەفی صالح نرخیان زانیویانە ، جا بە گەورەترین سەرچاوەی دامەزراویان زانیەوە ، وە دەستێوەگیراو ، ڕۆشنکردن بەنورەکەی ، هەروەها خۆراکی بەسود بۆ دڵەکانیان ، پاکیزەیی دەرونیان ، پاکردنەوەی جەستەیان ، کارلێکی کردارەکانیان پێ دەکرد لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ، جا حەرامیان پێ حەرامدەکرد ، حەڵاڵیان پێ حەڵاڵ دەکرد ، ئیمانیان بە موحکەم وموتەشابهەکانی هەبوو ، ئادابیان بە ئادابەکانیەوە دەکرد ، ویستیان لە ئەوەی تێدابوو هەبوو ، ترسیان لەوانە هەبوو کە تێیدابوو وە هەرچی پەیمانی پاداشت و بەڵێنی سزایە بەڕاستیان دەزانی ، بەڵکو هەموو هەواڵ و حوکمەکانی ، پەندیان لە چیرۆك و نمونەکانی وەردەگرت ، سودمەندی ڕێنوێنیەکان و ئامۆژگاریەکانی دەبوون ، وە بەڕاستی هەڵدەستان بەکردار پێ کردنی و مافی خوێندنەوە و تێگەیشتن بە شێوەیەکی بەردەوام لە شەوان و ڕۆژانیاندا ، جا ڕێنیشاندران بۆ هەق و ڕۆزی بەردەوامیشیان پێ کەرەم کرا ، جا بەڕاستی پیرۆزیان

بێت لە دونیایان و لەبەرزەخیان و لە قیامەتیشیاندا ، ئەمە لە کاتێکدا زۆرێك لەبەدکام و بێ فەرە بێ ئاگاکان ڕوویان لێ وەرچەرخاند ، وە گەوجەکانیش خۆیان لە ئاستی دا کوێر ڕاگرت، ئەوانەی توشی بەڵا و ئافاتی گومان و ئارەزووبازی بوون ، وە بێبەش کران لە ژیانی پڕچێژوپاکی ، ئەو ژیانەی کە جگە لە ئارامگران بەدەستی ناهێنن ، وە کەسی بەختیار نەبێ پێی ناگات ، وە بەڕاستی پەروەردگارمان هەقی فەرموو: " وَمَنْ لَمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِنْ نُورٍ "[النور: ٤٠]

واتە:هەرکەسێ خودا نووری بۆ نەسازاندبێ هەرگیز نوورو ڕووناکیەکی نیە.

٢- ڕێگە و سوننەتی پڕکەرەم کە ڕاڤەی قورئان دەکات بە ڕووناکییە بێ هاوتاڕووناکەکەی ، وەگشتگیرەکانی ڕوون دەکاتەوە ، وە مانای ڕاست و ورد دەدات لەسەری ، وە تەواوێتی و شکۆی پێشاندەدات ، هەروەها ئەویش بانگەوازدەکات بۆ کارکردن بەم دەست گرتن و وەرگرتنی هەموو فەرمانەکانی و هەموو یاساغەکانی ، بەڵێن و هۆشداری و هەرەشە ، پەروەردگارمان عزوجل و پەسەندی سوننەتی پەیامبەری ئەکرەم ﷺ سەناو وەصف بکەن بە کەماڵ و شکۆ چونکە هەردوگیان لەیەك تیشکگاهەوەن, پێکەوەن و هەرگیز دانابرێت بەڵکو کۆکن لە بانگەوازکردن بۆ بەرجەستەکردنی هەموو خێرو چاکە و چاکسازیەك ، وریاکەرەوەشن لە هەموو خراپە و شەڕو گەندەڵی یەك.

جا بەڕاستی ئەگەر ئەوە حاڵی هەردووکیان بێت با موسڵمانان بەگشتی و لاوەکانمان بەتایبەتی بزانن و فێربن کە ئەمانە گەورەترین سەرچاوەکان کە هۆکارەکانی لەسەر ڕێ وەستان لێوە وەربگرن بۆ سەر ڕێگای خێر و بۆ گرۆی هیدایەت و نوور.

٣- ژیان نامە و سەربوردەی پەیامبەری ئەکرەم ﷺ، ئەوەی کەباسی سەرهەڵدانی پڕ میهرو ڕەحمی ، ڕوون دەکاتەوە بۆ خەڵك ، باسی پەیامە پڕکەرەمەکەی دەکات ، وە بانگەوازە پڕ داناییەکەی ، و هەوڵە بێ گەرد و پڕ شکۆکەی ، وە دەسەڵاتی بەسەر زۆرینەی دونیادا لەدوای ئەوەی کە خودای گەورە دەرووی سەرکەوتنی کێ کردەوە.

جا لەم سەربووردەی پەیامبەرەوە هۆکارەکانی لەسەر ڕێ وەستان ئاودێری دەکرێت ، هەرچۆن الله گیان دەفەرمێ: "لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا" [الاحزاب : ٢١].

واتە: بەڕاستی جوانترین نموونە بۆ ئێوە ڕەسولی خودایە ، بۆ ئەوانەتان کە ئیماندرن بەخودا و بەڕۆژی دوای و یادو زکری خودا زۆر دەکات.

٤- ژیاننامەی سەلەفی صالح و میراتگرانی پەیامبەری خودا ﷺ لە زانایان و زانست پیشەیان و خاوەن کردارە چاکەکان هەر لە هاوەڵان و شوێنکەوتوان و ئەوانەی دوایان کەوتن بە باوەڕو بە ئیمان ، چونکە بەڕاستی ژیاننامەی پر جوانییان لەڕێزی سەرچاوە پڕ بەرەکەتەکانە کە گوڵشەنی هۆکارەکانی لەسەر ڕێ وەستانە.

ئە ئەمانەن سەرچاوە سەرەکیەکان کە ئەرزش مەندن بۆ هۆکارە باسکراوەکان ، وە جگە لەمانەش ئەوانەی لەم سەرچاوانەوە کێش کراون و چڵ و لقی ئەمانن ، و لەسەر ئەوەی کە دەیەوێ لاوان پەروەردەبکات و گرنگیان پێ بدات پێویستە جوان لەم سەرچاوەنە تێ بگات و تێیاندا فراوان بێت ، بۆ ئەوەی سەرمەشقی جوان کرداریی و باش رەفتاری بۆ لەگەڵ وتەی باش و ڕاستیدا ، چون بەم شێوەیە پەروەردەیان دەست دەکات بەگەشە و بەرهەمی بێ وێنە دەدات ، بۆ ئەوەی بگەنە پاداشتی گەورە و خێری زۆر ، بەڕەحم و فەزڵی خودای بیسەرو بینەر.

# دەروازەی سێ یەم

## هۆکارەکانی لاڕێی(( خودا بمان پارێزێ ))

ئەوەی مسالمە و حاشاهەڵنەگرە چ لەشەریعەت و چ لە ڕووی ژیریەوە هەرکاتێ هۆکارەکانی بەردەوام بوون کە لە پێش تر ئاماژەمان بۆکرد لەبەردەم لاواندا نەما ، ئەوا دڵنیاین لەوەی دەرگاکانی لاڕێی بەڕوویاندا دەکرێتەوە و بانگەواز کارانی لاڕێی دێنە ڕێیان هەر لە مرۆڤەوە تاجن.

یەکەم: ئیمامی ئەحمەد رحمە اللە بە سەنەدەکەی لە فەرموودەی عبداللە بن مسعود رضی الله عنە دەفەرمێ:" خَطَّ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَطًّا بِيَدِهِ ثُمَّ قَالَ هَذَا سَبِيلُ اللَّهِ مُسْتَقِيمًا قَالَ ثُمَّ خَطَّ عَنْ يَمِينِهِ وَشِمَالِهِ ثُمَّ قَالَ هَذِهِ السُّبُلُ وَلَيْسَ مِنْهَا سَبِيلٌ إِلَّا عَلَيْهِ شَيْطَانٌ يَدْعُو إِلَيْهِ ثُمَّ قَرَأَ { وَإِنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ }"[1]

واتە: ڕەسولی خودا هێڵێکی {ڕاستی} بەدەستی کێشا و فەرمووی ، ئائەمە ڕێگا ڕاستەکەی خودایە ئەوجا لەلای ڕاست و چەپی (هێڵە ڕاستەکەوە) هێڵی کێشا و دواتر فەرمووی: ئەم ڕێچکەیانە هیچ دانەیەکیان نیە ئیللا شەیتانێك لەسەریەتی و بانگەوازی بۆ دەکات ، دواتر فەرمایشتی خودای گەورەی خوێندەوە : جا بەراستی ئەمە ڕێگە ڕاستەکەی منە و شوێنی بکەون و شوێنی ڕێچکە زۆرەکان مەکەون ، چونکە

[1] اخرجه احمد (١/٤٣٥) و صححه الالباني في ضلال الجنة ( ١٦ ).

پەرتەوازەتان دەکات لەسەر ڕێگەکە ، ئەوە ئیتر وەسێتی پێ کردن بەوە لەبەر ئەوەی خۆتانی لێ بپارێزن.

دووەم: جلّە و بەردان بۆ زۆرێك گەنجان هەر لە منالّیەوە ، بە جۆرێك کەلەلایەن بەخێوکەرەوە پشتگوێ دەخرێن بەبێ پەروەردەیەکی ئیسلامی باش ، بەبێ ئاراستەکردنێکی بەسود ، بەلّکو پرسیاری لێ ناکرێت لە کوێ ڕۆژدەکاتەوە و کەی دێت و دەچێ و لەگەلّ کێ دا دادەنشێت؟ ئیتر چۆن چاوەڕێی خۆشەویستی گوێڕایەلّی خودا دەکرێت لە ئاوها کەسێك ، وە چۆن ڕقی لە سەرپێچی بێتەوە ، وە سروشتی سەلامەت بێت؟! بەلّکو ئەوەی کە لێی چاوەڕوان دەکرێت پێچەوانەی﴿لِلَّهِ الْأَمْرُ مِنْ قَبْلُ وَمِنْ بَعْدُ﴾(الروم: ٤)

واتە: فەرمانی ئەوەلّ و ئاخر هەر لای خودایە.

سێ یەم: هەندێ جار سەرۆك خێزان خۆشەویستی و سۆزداری بۆ فەراهەمکردنی هۆکارێك کە ناوی دەنێت دلّدانەوەی گەنجان و دلّخۆشکردنیان ، جا خۆزگایە ئەم خۆشحالّکردنەوە و بەسەربردنەوە لەبێزراوەکانیش(مکروە) بوایە ، نەك هۆکاری لارێی ، وە هۆکاری گەندەلّی ، وەکو ئامێرو ئامرازە ڕابواردنە حەرامەکان ، و فلیمە ئارەزووییە نیمچە ڕوتەکان ، و خۆگرتن بەدیار دراما ڕوخێنەرەکان کە بەتەماشاکردنی خراپترین کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانی گەنجان.

چوارەم: بێ باکی قوتابخانەکان لە ئاستی لاوانماندا ، کە چاودێرییەکی کەم نەبێت ناکرێت لە ڕووی ئامادەبوون و نەهاتن و ئاستی زانستی و خەمساردی قوتابیان ، جالەم کاتەدا دووهۆکاری لارێی دەورەی دەدەن و دەیکێشنە نێو ژیانێك کە توشی بووەو لەنێو تیاچوون و بەسەربردنێکی سەیردا، شەو دەکاتەوە و ڕۆژ لەناودەبات بەبێداری و بەبێ کاری وەکو موفلیسێك دێت و دەچێ و خێر و بێری دوونیا و دواڕۆژی تێدا لە دەستدەدا ، مەگەر کەسێك پەروەردگار بەڕەحمی خۆی لەگەڵدابکات و هەر پەروەردگارمە کە بەڕەحم و لێ بوردەیە.

پێنجەم: بڵاوکردنەوەی حەرام و یاساغ لەو شوێنانەی کە لاوان تێدا دەژین ، وە لەو کەش و هەوایەی کە پێدا گوزەردەکات ، بەڕاستی ئەمیش لە هۆکارەکانی لارێییە ، وە بەبێ گومان لاربوونەوەی لاوان و بەرەو حەز لە ئارەزوبازی بە هەموو جۆرەکانیەوە وە گەڕانەوەی بۆ خاوەنەکانی زۆرترین رێژەیە بەگشتی و لە وتەیەکی پێشین هاتوو ( خودا سەرسام دەبێ بە لاوێك کە لاربوونەوەی (صبوة ) ی نەبێت [1]

شەشەم: پشتکردن لە مزگەوت ، وەڵام نەدانەوەی بانگبێژ ، بەهۆی نقوم بوون لە پێڕی یاریی وسەرگەرمیەوە کە بەرژەوەندی دونیا و دینی بەهۆیەوە فەوتاوە ، وە شتی لاوەکی ئێستا دەخاتە پێش شتەگەورە و گرنگەکانی داهاتووی ، جا ئەمە دۆڕانی ڕوون و ئاشکرایە ، وە بەهۆی شەونخونی زۆرو بێ مانا لەوشەوانەدا کەخودا بەپۆشاکی

[1] اخرجه أحمد ، و صعفه الالباني في ضعيف الجامع (١٦٥٨)

کردوه و هۆی ئارامی و پشووی جەستەو ڕۆح وئەقلە ، هەروەها زۆر خەوتنی ڕۆژ کە خودا داینــاوه بۆ ئەوەی بەڵگەیەکی ڕوون بێت و بەندەکانی تێدا بەدوای فەزڵی خوداو پێویستیەکانیان بگەرێن هەرچۆن خودا دەفەرمێ:" وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا (١٠) وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا"(النبأ ١٠ ـ ١١ )

واتە: شەومان بە پۆشاك کردووە ، وە ڕۆژیشمان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان تەرخان کردووە ، جاوتەی شاعیر بەسەر ئەم گرۆیە لەلاوان ڕێك دێتەوە ، کە دەربارەی پیاوێك دەهۆنێتەوە کە سروشتی خودایی گۆڕیوە کە ئەو هەموو خەڵکەی لەسەر سروشتی کردوە:

ينام إذا ما استيقظ الناس بالضحى فإن جن ليل فهو يقظان حارس

و ذاك كمثل الكلب يسهر ليله و إن لاح صبح فهو وسنان ناعس

واتە:

ئەوکاتە دەنوێت کە خەڵکی هەڵدەستن لە بەیانیاندا

کەچی کاتێ شەودێت چاودێرەو بێدارە لەشەودا

ئەوەیە نمونەی سەگەکان کە بە بێداری ماون لەشەودا

کەچی هەرکە بەرەبەیان سەری هەڵدا بەباوێشکەوە دەنوێت

حەوتەم: ــ جوداگانی (جیاواز بوون) ــ کەتەنها مەگەر خودا لایبدات ـ ، تەماشادەکەی لە نێوان دایك و بابی بەدین و شکۆ و تەقوا ، ڕۆڵەی لاو یان ئەوەی تینوو بووە بۆ

هەموو بەلایەکی تازە لە هۆکارەکانی لارێی و دروشمیان هەلمینمەزیدە (( لەمە زیاتر هەیە)) بۆ داواکاریە لار و خوارە تازەکانی ، جا دوژمنانی خودا لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتەوە وەلامی داواکانیان دەدەنەوە دەڵێن بەچاوان بەمژدەوە چاوەرێی بن بۆ هەرچی شتێ کە دڵی شەیتان خۆش دەکات ، لە کاتێکدا دروشمی دایك و باوکی بەدین و بەشکۆی بەتەقواو ئەوەیە کە جەخت دەکەنەوە لەسەرئەوەی نەوەکانیان لەسەر مەبەستەکانی شەرع و ڕێگای ئیسلام و ئیمان و چاکەکانی پەروەردەبکەن ، بە گوتەی خوای تەعالی:"الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ "(الرعد:٢٨) .

واتە: ئەوانەی بڕوایان هێناو دڵیان پڕبوو لە دڵنیایی بە هۆی یاد و زیکری خوداوە ، ئایا تەنها یادی خودا نیە کە دڵەکان ئارام و ئاسودە دەکات؟

هەروەها :"اسْتَجِيبُوا لِرَبِّكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لَا مَرَدَّ لَهُ مِنَ اللَّهِ مَا لَكُمْ مِنْ مَلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُمْ مِنْ نَكِيرٍ " (الشور٤٧).

واتە: وەلامی پەروەردگارتان بدەنەوە ( بەگوێڕایەڵیتان بۆ فەرمانەکانی ) پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت (ڕۆژی قیامەت) کە هیچ شتێك ناتوانێ ڕێ لە هاتنی بگریت بەرامبەر بە خودا ، لەو ڕۆژەدا هیچ پەنا و نکۆڵیەك نیە لە کردارە تۆمارکراوەکانتان.

هەروەها خودا دەفەرموێت: "فَأَمَّا مَنْ طَغَى (٣٧) وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا (٣٨) فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَى (٣٩) وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى (٤٠) فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى (٤١)" النازعات : (٣٧ – ٤١)

واتە: بەڵام ئەوکەسەی سەرپێچی و بێ سنوری بکات ، هەر بۆ دونیا بژی و هەوڵبدات ، بەوە جێگای دۆزەخ دەبیت. بەڵام ئەوکەسەی لە پەروەردگاری بترسێت و بیپەرستێت و

ویستەکانی دەروونی لە تاوان و ئارەزوو پەرستی بپارێزیت ، بەدڵنیاییەوە جێگای بەهەشت دەبێت.

وتەی پەروەردگار:" وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ "(الرحمن:٤٦)

واتە:ئەوەی کە لە دونیادا لە سنورە جوانەکانی خودادا ژیاوە و بێ سنوری و خراپەکاری نەکردوە ، باوەڕدار و لە خوا ترس و بە ئیمان بووە ، ئەو سەرەڕای ئەوەی دەیخاتە بەهەشتەوە ،دوو جۆرە بەهەشت و باخاتی سەیر و بێ وینەی پێشکەشدەکات.

وە هەروەها فەرمودەی پەیامبەرمان:"كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ"[1] واتە: لە دوونیادا وێنەی غەریبێك یان ڕێبوارێك بژی.

هەروەها: " أَكْثِرُوا ذِكْرَ هَاذِمِ اللَّذَّاتِ"[2] زۆر یادی لەناوبەری چێژەکان بکەن(واتە مردن).

جا بەڕاستی جیاوازی زۆرە لە نێوان ئەم دوو هۆزانڤانە ، ئەی هاوار بۆ دووری ئەم دوو بۆچوونە:

سارَتْ مُشَرِّقةً وَ سِرْتُ مُغَرِّباً ........ شَتَّانَ بَيْنَ مَشَرِّقٍ وَ مُغَرِّبِ

ئەو بە رۆژهەلاتدا رۆشت و منیش بە ڕۆژئاوا

بەڕاستی دورە ماوەی رۆژهەلات و رۆژئاوا

---

[1] صحيح البخاري : ٦٤٦١ لە فەرمودەی ابن عمرەوە رەزای خوای لەسەر.

[2] الترمذي ٢٣٠٧ ، النسائي ١٨٢٤ ، ابن ماجه ٤٢٥٨ لە فەرمودەی ئەبوهورەیرەوە رەزای خوای لەسەر ، شێخی ئەلبانی بە صەحیحی زانیوە لە صحيح جامع ١٢١٠

# دەروازەی چوارەم

## پۆلێنی لاوان بەندە بە بەدواداچوون و وردبونەوەوە .

دەڵێم: ئەگەر کەسێك چاو بە حاڵی لاوان دابگێڕێت ، دەبینێت چەند جیاوازن لەڕووی هەڵسوکەوت و ئاراستە و بۆچونیانەوە (نزعات!) ، وە ئەمەش شتێکی حاشا هەڵنەگرە و لای بیرمەندان و ژیران جێگای مشتومڕنیە.

جا گرۆیەکیان گێژەلۆکەی ئارەزوپەرستی گێژی کردوون ، وە نەفسی کارخراپ قۆرخی کردوون ، جا سەرشادبوونە بە بچوکیەکانی دونیا ، و قوتیان خواردۆتەوە لە کارە خراپەکاندا ، لە هەڵسوکەوتە گەندەڵەکاندا ، و لە کردارو عادەتە خراپەکاندا ، جا هیچ کەردە و پەردەیەك نیە لەو چەپەڵیانە و ئەمانیش بتوانن ئەنجامی بدەین و درێغییان کردبێت..! ، لەبەرگوێڕایەڵی بۆ نەفسە زاڵمەکانیان ، وە گویڕایەڵی یەك بۆ هەواو ئارەزوو کە خاوەنەکەی بەرەو دۆزەخ پەلکێش دەکات ، وە وەڵامدانەوەی شەیتان کە دەعوا دەکات بۆ دۆزەخێك کە خراپترین جێگایە ، جا دەیانبینی لە دەرگاو ڕێگای خێر لادەرو پشت کەرن ، وە لەدەرگای شەڕو کۆبونەتەوە و وەریدەگرن ، و لە دەستکەوتنی دا زۆر حەزیان هەیە و پێشبرکێ دەکەن ، جا تامی زنجیرە فلیمە داروخاوەکان لە دڵیاندا نۆشکراوە ، لەگەڵ یاری یە گەندەڵەکان لەڕووی رەفتارەوە، و دڵ تێکدەرەکان ، وەکو یاری زار و تاوڵە وقومار و هاوشێوەکانی کە رێخۆشکەرن بۆ

بینینی فلیمە جنسی و نیمچە ڕووتەکان کە ئەویاریانەی تێدایە: خوای گەورە دەفەرموێ:" ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ "( النور :**بەشێك لە ئایەتی ژمارە ٤٠** )

واتە: تاریکستانێکن لەسەر تاریکستان.

ئەمانە و سەرەڕایی لە دەستدانی زۆرێك لە فەرزەکان و مافەکان و ئەرکەکانی پەیوەست بە بەندە ، ئەمەش دوای مافەکانی پەروەردگاری ئەرزو ئاسمانەکان.

جا بێ گومان ئەم پێڕە سەروەریی نومەییان لە دەست داوەو ونکردوە ، چونکە پەیوەست نین پێوەی و جەخت ناکەن لە دەستکەوتنی بەڵکو پەیوەست بوونە بە سواریی ڕەزالەت ویستانەوە ، کە بە چاکە خوازی پەستن ، جا ئاوایان بەسەردا هات کە دەبینرێت و دەبینیت. جا بەڕاستی ئامۆژگاری کەسی دڵسۆز بۆ ئەم گرۆیە ئەوەیە کە بڵێ بۆلای خودا بگەڕێتەوە و تەوبەبکەن ، هەروەها خۆتان بگۆڕن بەوەی لە ژیانی نزمی تاوان و سەرپێچی بڕۆن بەرەو ژیانی پر سەروەری و گوێڕایەڵی ، جا ئەگەر هاتوو ئەم کارەیان نەکرد بەڕاستی ژێری زەوی زۆر باشترە بۆیان لەسەر ڕووی زەوی ، وە خوداش لە بونەوەردا گەلێك کاری هەیە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: "وَإِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ"(من الاية البقرة : ١١٧)

واتە: هەر کات ویستی بڕیارێکی هەبێت تەنها دەفەرموێت ببە ، یەکسەر دەبێت.

جا گرۆیەکی تریش لەلاوان خاوەنی بیرو هۆشن و هیمەتی بەرزیان هەیە ، وە ئامانج بەرزوچاکیش ، بۆ دەست خستنی زانستی شەرعی و ئامرازەکانی ، و کرداری پێ کردنی

، وە بانگەواز بۆ کردنی ، جا ئەو گرۆیە هەر لەسەرەتاوە چەندە جوانن کە پێ لەسەر ڕاستەشەقام دادەگرن ، جا ئەگەر خودا زانا بۆ خوا صولحاوەکانی بۆ فەراهەم کردن ، و لەگەڵ مامۆستایانی سەلەفی ویست باش ، کەشان دەدەنە ژێرئاراستەکردنیان ، و هەولو کۆششی خۆیان بخەنەگەر بۆ فێرکردنیان ، ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەو ڕاستە هێڵە بەردەوام بوون ، کاتێکی زۆریان لەو خواستنەدا بردەسەر کە ئومێد دەکرێ ببن بە کەسی صالح و چاك بۆ خۆیان ، وە چاکە خواز و چاکساز بۆ جگە لە خۆیان لەهەرکوێ بن لەسەر ئەو زەویەی خودا ، کە بەڕاستی بەم کەسانە نەبێت ناڕازێتەوە ، وە بە مامۆستاکانیشیان نەبێت شکۆناکات ، وە بە نموونەی ئەمانیش نەبێت ناژێتەوە !

جا ئەگەر دەستی خاوەن هەواو هەوەس و گومڕاو بیدعەکاران دەستیان بەسەر ئەم گرۆیەدا گرت کە بەڕاستی پێش خراپەکارانی تری جگە لە خۆیان دەستیان بۆ درێژدەکەن ، بەبۆچونە لاروخوارەکانی خۆیان خۆراکیان پێ بدەن، بەویستی خراپەکانی خۆیان قایلیان بکەن ، جا بەڕاستی ئەو کاتە هیچ چاوەڕوانیەکیان لێ ناکرێ جگە لە گەندەڵی لەسەر زەویدا ، گەندەڵی لە سروشتدا ، گەندەڵی لە دڵدا ، گەندەڵی لەبیر و هۆشدا ، وە گەندەڵیان لە ڕەفتار و ئاراستەدا ، جا سەر باری ئەمەش وا هەست دەکەن لەسەر شتێکی باشن..! بەڵام لەسەر هیچشین! بەڵکو ئەوانی نەزان و غافڵ و وڕوگێژ چاو لەوانە دەکەن کە سەردار و سەرمەشقی گومڕایین! ئەوانەی کە هەر لەسەرەتادا دەستیان بەسەردا گرتوون فوی نەنگی بیروڕایان بەدڵی هەژاریاندا

کردووە !لەسەر نەزانی و غەفلەت و نادانی! بەڕاستی هەق و ڕەوای فەرمووە ڕەسولی خودا: "مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ "[1]

واتە: خودا خێری بۆ هەرکەسێك بوێت لەدین و ئاین تێی دەگەیەنێ.

گرۆی سێیەم ئەڕێنییان تێدایە و نەرێنیش لەهەندێ شتدا کە پەیوەندی هەیە بەکاروباری ئاین و ژیانیانەوە ، جا ئەوانە پێویستیان بەوە هەیە کە ڕێگەیان بۆ ڕون بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن شتەکان لە جێی خویدا دابنێن بە ئەرێنی و بە نەرێنیەوە، واتە چاك و خراپیان بۆ ڕوون بکرێتەوە، بەهەنگاو وبەقەبارەشیەوە. ئەمەو چەندێك لە جیاوازی لە نێوان تاکەکانی ئەم گرۆیە ، کە تەرازوەکەی شەرعی خودایە ، وە تەنها خوداش زانستی دەربارەی هەیە ، کە دەفەرموێت: "مَنْ يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ وَلِيًّا مُرْشِدًا "( الكهف : ١٧ )

واتە: هەر کەس خودا ڕێنمونی بکات بەڕاستی ڕێنمونی کراوە ، هەرکەس گومڕا بکات هەرگیز سەرخەرو ڕێنیشاندەری نابێت.

---

[1] البخاري ٧١ ، ومسلم ١٠٣٧ **لە فەرمودەی موعاویەی کوری ئەبی سوفیانەوە ڕەزای خوای لەسەر.**

## { كۆتایی }

برایانم لەبەرخودا ، رۆڵە لاوەكانی ئیسلام:

بەبیری خۆم و ئێوەش دەهێنمەوە ، ئەوەی كە دەیزانن ، چونكە بیرهێنانەوە سود بە ئیمانداران دەگەیەنێت. بیرتان دەهێنمەوە كە خودا بە جوانترین شێوە دروستی كروین ، بەسەر زۆرینەی جیهانیاندا گەورەی راگرتووین ، كەرەمی ژیری و هەستەكانی تری پێ كردووین لە ئەندامەكانماندا بۆ ئەوەی هەستین بە مەبەستەكانی دروست كردنمان ، جا پاكو بێگەردی بۆ خودای جیهانەكان .

خودا ئێمەی نەداوەتە دەستی عەقڵمان بۆ تێگەیشتن و ناسین و پەرستن و گەورە راگرتنی خۆی بەڵكو پەیامبەرانی ناردووە و بانگەوازیان گەیاندووە ، كتێبێكی جوانی ناردۆتە خوارەوە بۆ روون كردنەوەی هەموو شتێك و رێنمونی و موژدەبەخشە بۆ موسڵمانان ، لەم كتێبەدا و لەسەر زاری پێغەمبەری ئەكرەم فەرمانانێكی پێ كردووین و بەئەركی داناوە لەسەرمان كە پەیڕەوی بكەین ، لە حەرام و تاوانەكان نەهی كردوە و ئەركی سەرشانمان ئەوەیە لێی دوربین ، گوێڕایەڵیەك بۆ خوای گەورە و پێغەمبەری خوا ﷺ، توانا و ئیرادەی هەڵبژاردن و كردنی كاری چاكەی بۆ فەراهەم كردووین ، هەروەها دوری و واز لە چەوتی هێنانیش بە ورد و درشتیەوە ، جا هەركەسێك كاری چاكەی كرد و پشتی لە خراپە كرد ، ئەوە بەرەحمی خودا كردوویەتی ، دواتر بە

کرداری خۆی کە سەرچاەی ئیرادەی خۆیەتی دوای ئیرادە و ویستی خودا " وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا "(کهف: بەشێك لە ئايەتی٤٩)، پەروەردگارت ستەم لەکەس ناکات.

برایانی گەنج و لاوم.. خۆشەویستانم لەبەر خوا..

بەڕاستی خوای گەورە ژیان و مردنی بۆ ئەوە دروست کردووە بۆمان کە تێیدا دەرکەوێ کێمان کاری چاکە دەکەین ، هەروەها مردنی لە پەنهانیەکاندا داناوە و لەکەسەوە دیار نیە ، هەمانە هەر بە منداڵی دەمرێت و هەمانە گەورە دەبێت و هەشمانە تەواو پیر دەبێت ، لەسەر ئەمانەش خودا زانا و دانایە و خۆی حوکمی ڕەوا و رەهای بەدەستە ، نە بەرپەرچ هەیە بۆ حوکمەکانی ، و نە جیگر هەیە بۆ قەزا و قەدەرەکانی ، کە بەراستی خێرا حساب دەکات ..

دواتر ، ژیان وماڵێکی بۆ فەراهەم کردووین کە کار و کردەوەی تێدا ئەنجام بدەین ، کە ئەم دونیایەیە ، سەرەتا و کۆتاییەکی هەیە ، دوای ئەمیش جیهانی بەرزەخە کە ماڵی ئۆقرەگرتنە ، ئەم دوو ژیانە ژیانی پاداشتی کارەکانە ، لەهەر یەکێکیاندا نهێنی و کاری خودا زۆرە ، بەڵام ژیانی کۆتای و دوارۆژ سەرەتای هەیە و کۆتایی نیە ، بەڵکو ژیانێکی تەواو بێ کۆتایە، بەهەشتیان لە ناز و نیعمەتی بەر فراوندا دەژین ، لە بۆن وبەرامی باخچەکانیدا کەیف دەکەن ، بەشێوەیەك کە هەرچی دڵ و ئارەزوویان دەیەوێت تێیدا بەهەتاهەتایی دەژین ، ترسناکیە گەورەکە ڕایان ناچەڵەکێنێت ، بەڵکو فریشتەکان دێنە پیرییانەوە و پێیان دەڵێن ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە بەڵێنتان پێ درابوو ، خودا لەگەڵیاندا

گوفتار دەفەرموێت ، کە مایەی ئارامی و ئاسودەییانە ، کە هۆکاری زیادبوونی خۆشی و گەشی و چەشتنە ، وەکو دەفەرموی:"يَا عِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ وَلَا أَنْتُمْ تَحْزَنُونَ (٦٨) الَّذِينَ آمَنُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا مُسْلِمِينَ (٦٩) ادْخُلُوا الْجَنَّةَ أَنْتُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ تُحْبَرُونَ (٧٠) يُطَافُ عَلَيْهِمْ بِصِحَافٍ مِنْ ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنْفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ وَأَنْتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (٧١) وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٧٢) لَكُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِنْهَا تَأْكُلُونَ (٧٣)"الزخرف ٦٨ ـ ٧٣

واتە: بەندەکانم ـ چاکەکاران ـ ئێوە ئەمڕۆ هیچ خەم و پەژارەیەکتان نابێت ئێوە دڵتەنگ نابن . ئەوانەی کە باوەڕیان بە بەڵگەکانمن هێنا و موسڵمان بون و پابەندبوون. فەرمون بچنە بەهەشتەوە لەگەڵ خێزان و خانەوادەتان و لەخۆشی و ئارامیدابژین.قاپ و کوپی زێرین بەسەریاندا دەگێڕن ، ئەوەی دڵ حەزی لێبکات تێیدا هەیە ، ئەوەی چاو پێی دەگەشێتەوە دەبەخشرێت ، ئێوەش تێیدا ماندگارن. ئەوەیە ئەو بەهەشتە پڕ نازونیعمەتەی کە دەستان کەوتووە بەو کارە چاکانەی ئەنجامتان دەدا. میوەجاتی فراوانی تێدایە کە بۆخۆتان نوشیدەکەن.

چەندین ئایەت لەم مانایانە هەیە ، چەندین فەرمودەی پێغەمبەری خودا ﷺ کە دەقی تەواو و ڕەچەڵەکی بەرز و صحیح ، باس لە جوانیەکانی ئەو بەهەشتە خۆشە فراوانە دەکەن ، لە هەردوو صەحیح دا هاتووە : (إِنَّ أَهْلَ الْجَنَّةِ يَتَرَاءَوْنَ أَهْلَ الْغُرَفِ مِنْ فَوْقِهِمْ كَمَا يَتَرَاءَوْنَ الْكَوْكَبَ الدُّرِّيَّ الْغَابِرَ فِي الْأُفُقِ مِنْ الْمَشْرِقِ أَوْ الْمَغْرِبِ لِتَفَاضُلِ مَا بَيْنَهُمْ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ تِلْكَ مَنَازِلُ الْأَنْبِيَاءِ لَا يَبْلُغُهَا غَيْرُهُمْ قَالَ بَلَى وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ

رِجَالٌ آمَنُوا بِاللَّهِ وَصَدَّقُوا الْمُرْسَلِينَ) واتە: خەڵکی بەهەشت خەڵکانێکی خاوەن ژووری وا دەبینن لە سەووی خۆیانەوەن ، هەر وەکو چۆن سەیری ئەستێرەگەشە ( الدری الغابر) دەکەن لە رۆژهەڵاتەوە یان رۆژئاواوە ، لەبەر باشتربونی و جیاوازی نێوانیان. وتیان: ئەی پەیامبەری خوا ئەو شوێنانە شوێنی پێغەمبەرانە ئەوەندە بەرزترن کە جگە لەوان نایگاتی؟. فەرموی: نەخێر ، بەو زاتەی گیانی موحەممەدی بەدەستە ئەوانە پیاوانێکن کە باوەڕیان بەخودا هێناوە و پێغەمبەرانیان بە ڕاست خستۆتەوە.

جگەلەوەش زۆرە.

هەروەها خەڵکی بەهەشت لە نازو نیعمەتی بەهەشتدا دین و دەچن ، وە لە نزیکی پەروەردگاریان نیشتەجێ دەبن.

لە بەنادا خەڵکی دۆزەخ ، ئەوانەی کە لە تالاوی نارەحەتیەکانیدا هاواردەکەن و دەناڵن ، لە چاڵاییەکانیدا دەتلێنەوە ، بە توڵی گڕاوی و قرتێنەری ئاسنی دەکوترێن .

پەروەردگارمان دەفەرموێ: "إِنَّ الْمُجْرِمِينَ فِي عَذَابِ جَهَنَّمَ خَالِدُونَ (٧٤) لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ (٧٥) وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِنْ كَانُوا هُمُ الظَّالِمِينَ (٧٦) وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُمْ مَاكِثُونَ (٧٧) لَقَدْ جِئْنَاكُمْ بِالْحَقِّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ"( الزخرف ٧٤ – ٧٨)

واتە: بێگومان تاوانبارات لە ئەشکەنجە و ئازارەکانی دۆزەخدا بە زیندویی دەمێننەوە و دەتلێنەوە بەو ئازارانەوە ، بەبێ ئومێدێك بە ڕەحمی خوای گەورە تێیدا دەمێننەوە ،

خودا: ئێمە زوڵممان لێ نەکردون بەو ئازارانە بەڵکو خۆیان بوون زوڵمیان لە خۆیان کرد بە نەکردنی چاکە و دورنەبونەوە لە خراپەکاری ، هاوار دەکەنە فریشتە ( مالیك ) دەڵێن بڵێ بە پەروەردگارەکەت با بمانکوژێت ( لەم نارەحەتیە ڕزگارمان بکات ) ، ئەویش (مالیك) دەڵێ: ئێوە ئیتر هەر لەوەدا دەمێننەوە ، خودای گەورەش دەفەرموێ : بێ گومان حەق و ڕاستیمان بۆ ناردن بە پێغەمبەران و بانگخوازانماندا بەڵام زۆربەی ئێوە ڕقتان لە حەق و ڕەواییەکان دەهاتەوە.

پێیان دەوترێت ، ئارەزووی چی دەکەن؟

دەڵێن : پەروەردگارا ، تینوو بووین!! ئاماژەیان بۆ لایەکی تری دۆزەخ دەکێشرێت وەکو تەراویلکە ئەو لایەی لاکەی تری دەلوشێنێتەوە

دەلێن: ئەوە نایبینن؟!

سا خوایە بێ بەشمان مەکە لەوەی کە لە لای خۆتە لە چاکە و فەزڵ ، لەبری ئەوەی لای ئێمەیە لە خراپە و لە تاوان و کەمتەرخەمی ،چونکە هەر تۆی باشترین بەخشەر و وەلامدەر.

لەبەر ئەمە و جگەلەمەش بە دڵنیایی فەرمانمان پێ کراوە بەوانەی کە باشن بۆ دین و دونیا و ژیان و دوارۆژمان ، وە ڕێگریمان لێ کراوە لەوەی زەرەرمەندە بۆ ژین و ژیار و دیارمان ..

بەحەق فەرمانی خودا ئەوەیە:

١. فەرمانی کردووە بیپەرستین و جگە لە خۆی نەپەرستین.

بەڵگەش: "وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا " ( النساء: ٣٦ )

٢. گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەر و سوڵتانی موسڵمان بکەین ئەگەر فەرمانی بە چاکە کرد و نەهی لەخراپەکردلەسەر زەوی.

بەڵگەش:" يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ "(النساء:بەشێکی ئایەتی ٥٩)

٣.فەرمانی کردووە بە کاری چاکەی ڕواڵەت و ناوەڕۆك بۆ ئەوەی ببێتە هۆی لێ خۆشبون و بەدەست هێنانی بەهەشتەکەی کە سیفەتەکانی لە قورئان و زمانی پاراوی ڕەسولی خواوە هاووە.

٤.فەرمانی کردووە لە چاکەکاندا پێشبڕکێ بکەین و بۆ بەدەست هێنانی رەزامەندی و ژیانی هەتاهەتایی و نەبڕاوەی بەهەشت.

٥.فەرمانی کردووە بۆ ئەوەی لەسەر حەق و کاری چاك بە ورد و درشتیەوە بەردەوام بین و نەترازێین بۆ ئەوەی دەسکەوتە باسکراوەکانی بەدەست بهێنین..

بەڵگەش: "إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ (٣٠) نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنْفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ (٣١) نُزُلًا مِنْ غَفُورٍ رَحِيمٍ (٣٢)" ( فصلت: ٣٠-٣٢).

٦. فەرمانی کردووە بە دەستگرتن بە حەبل و ڕێگای خۆی ، وە نەهی کردوە لەوەی ببین بە حزب گەلێك و پەرتەوازە بین ، نەوەك وابکەین و گرۆ و بۆن و بەرامی یەکڕیزی پەرتەوازە بکەین ، وە هەروەها یەکڕیزبوونمان دەبێت لەسەر تەقوا و شەرع بێت و بە یاساکانی خودا بپێورێت ، وە بە تەرازووی ئەوانەی کە خودا ڕووناکی تەرازووکردنی پێبەخشیون بە هۆی زانستی ڕاست و بەسود ، و کرداری باش و تێگەیشتنی تەواو ، دەفەرموێت:"وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا " ( آل عمران: لە ئایەتی ١٠٣)

٧. فەرمانی کردووە تەوبەی یەکجاری بکەین ، ئەو تەوبەیەی کە تاوانەکان دەسڕێتەوە و ناوی تەوبەی ( نەصوح)ە ، هۆکارە بۆ شاردنەوەی عەیبەکان ، بەرزکەرەوەی پلەکان ، کە دەفەرموێت:"يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَصُوحًا " ( التحريم: ٨ )

جگە لەوەش ئایەتی زۆر هەیە لەو بارەوە..

٨. کۆتایی ئەم بەشەش بە فەرمودەیەك کە ئیبن مەسعود بە سەنەدی حەسەن کەپێغەمبەر ﷺ فەرمووی:""اسْتَحْيُوا مِنْ الله حَقّ الحَيَاءِ". قال: قُلْنَا: يَا نَبِيّ لله إِنّا لَنَسْتَحْيِي وَالحمدُ لله، قَالَ: "لَيْسَ ذَاكَ وَلَكِنْ الاسْتِحَيَاءَ مِنَ الله حَقّ الْحَيَاءِ أَنْ تَحْفَظَ الرّأْسَ،

وَمَا وَعَى وَتَحْفَظَ البَطْنَ، وَمَا حَوَى، وَتَتَذَكّرَ المَوْتَ وَالبِلَى، وَمَنْ أَرَادَ الآخِرَةَ تَرَكَ زِينَةَ الدّنْيَا، فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَقَدْ اسْتَحْيَى يَعْنِي مِنَ اللهِ حَقّ الْحَيَاءِ". [1]

واتە: شەرم و شکۆی خودا بکەن بەڕاستی ، جا هەرکەسێك شەرمی لە خودا هەیە با مێشك سەری بپارێزێت و بەئاگابێت ، وە ورگی بپارێزێت و بزانێت چی تێدەکات ، با یادی مردن و ڕزین و لەناوچوون ، سا هەرکەسێك دوارۆژی دەوێت ئەوا جوانیە زیادەکانی دونیا پشتگوێ دەخات ، هەرکەسێك ئەوهای ئەنجامدا ، ئەوە شەرم و شکۆی خودای بەڕاستی ئەنجامداوە.

دواتر بەوتەی خەلیفەر ڕێ ڕۆشن عەلی کوڕی ئەبی تاڵب ڕەزای خوای لەسەر بێت ، کە بە هۆشداریدانەوە فەرموی: لە نیشانەکانی شوێنکەوتنی ئارەزوو و هێوادرێژی : ترسناکترین شت کە لێی دەترسم بۆتان: هیوا درێژیە ، شوێنکەوتنی هەوا و هەوەسە ، چونکە هیوا درێژی دوارۆژتان بیردەباتەوە ، هەروەها شوێنکەوتنی ئارەزوو بەربەستە لە وەرگرتنی حەقدا ، بێ گومان دونیا پشتی هەڵکردووە و وادەڕوات ، قیامەتیش وا ڕووی کردووە و دێت ، هەرکەسێکیان کڕیاری خۆیان هەیە و نەوەی خۆیان دەستکەوتووە، جا تکایە لە کڕیار و نەوەکانی دواڕۆژبن ، نەکەن ببنە نەوەکانی دونیا ، چونکە ئەمرۆ دەرفەتی کار هەیە و حساب و کیتاب نیە ، بەڵام سبەی حیساب و کیتاب هەیە و کردار نیە.

[1] اخرجه الترمذي (٢٤٥٨) و أحمد ، و صححه الالباني في صحيح الجا مع (٩٣٥)

ئەمە ئەوەبوو کە خودا ئاسانی کرد لەم بابەتەدا بینوسمەوە .

لە پەروەردگار داواکارم کە سودمەندمان بکات لە ئاینی و ڕێنوێنیەکانی ئیسلام ، بە پەیامەکەی شکۆداری مرۆڤایەتی ، کۆتایی بانگەوازەکەمانە و شوکر و ستایشی تەواو بۆ خودای مالیکی زانای موتلەق ، خاوەنی فەزڵ و چاکە و شکۆمەندی و ڕێزەکان.

و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين